# پەیوەندی نێوان ئەرمەنەکانی کوردستان و بەریتانیا لە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا (١٨٧٦-١٩٠٩)

بژار عثمان أحمد

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/هەرێمی کوردستان- عیراق

پ. هـ. د. ألميرا أحمدوفا – أحمدوفا

بەشی مێژوو و شارستانی- زانکۆی ئیسلامی نێودەولەتی/ کوالالامبور- مالیزیا

## پوختە:

ئەگەرچی ئەرمەنەکان لەماوەی دروستبوونی کێشەی ئەرمەندا زۆرترین پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی و بەتایبەتتریش بەریتانیا هەبوو، ئامانجیان لێی سەربەخۆبوونی و دروستبوونی دەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورە بوو. بۆ ئەمەش بەریتانیەکان لەدوای کۆنگرەی بەرلینی ١٨٧٨ز بوون بە چاودێر بەسەر مافەکانی ئەرمەن و هەوڵی جێبەجێکردنی چاکسازی ئەرمەنییان دەدا لەناوچەکە. بەگشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەرمەنەکانی کوردستان و بەریتانییەکان لەسەردەمی حوکمڕانی سوڵتان عەبدولحەمید دا. هەربۆیە ئەم توێژینەوەی ئێمە لە دەروازەیەك و چوار تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش دابەش دەبنە سەر چەند لقێك، لەوانە لە دەروازە دا باسی پوختەیەکی مێژوویی و جوگرافی ئەرمەن و ئەرمەنستان کراوە، هەروەها لە تەوەرەی یەکەمدا باسی ئەرمەنەکانی کوردستان لەسەدەمی دەوڵەتی عوسمانیدا کراوە و لە تەوەرەی دووەمدا باس لە پەیوەندی نێوان بەریتانیا و ئەرمەن کراوە و لەتەوەرەی سێیەمدا باس لە کۆنگرەی بەرلین و دەرئەنجامەکانی کراوە و لەتەوەرەی چوارەمدا باس لە کاردانەوەکانی کورد لەم قۆناعەدا کراوە.

**وشە سەرەکیەکان:** *ئەرمەن، باکوری کوردستان، ئەرمەنستانی گەورە، بەریتانیا، کورد.*

## پێشەکی:

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦-١٩٠٩ هەر لەسەرەتای هاتنە سەرتەختی حوکمڕانییەکەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفتی ناوەکی دەرەکی بۆوە، لەگرنتگرین ئەوانەش شەڕی عوسمانی- ڕوسی ١٨٧٧ بوو، وە دواتریش سەپاندن و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی بەرلین بوو، بەتایبەتی مادەی ٦١ کە تایبەت بوو بە چاکسازی ئەرمەنی، خودی ئەم خاڵەش بوو بەسەرەتای کێشەیەکی نوێ لەناو دەوڵەتی عوسمانی و کێشەی ئەرمەن بەزەقی بەدیارکەوت. ئەرمەنەکان داوای ئۆتۆنۆمی و دروستکردنی ئەرمەنستانێکی گەورە دەکرد کە بەشێکی خاکی باکوری کوردستانی دەگرتەوە، هەروەها دەوڵەتە زلهێزەکانیش لەسەروی هەموویانەوە ڕوسیا و بەریتانیا هاوکارییان دەکردن، ئەمەش بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلانەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتی خۆیان لەناوچەکەدا.

بێگومان ئەم کێشەیەش دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتان عەبدولحەمیدی توشی زۆر ئاستەنگی کرد و تەنانەت هەوڵی ئەرمەنەکان بۆ بەجێهێنانی داوایەکانیان لەژێر چاودێری بەریتانیا گەیشتە ڕادەیەك، کە نەك هەر تەنها کوشتن و بڕین و توندوتیژی لەناوچەکانی کوردستان بکەن، بەڵکو گەیشتە ئاستێك هەوڵی تیرۆرکردنی والی و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و تەنانەت هەوڵی تیرۆرکرنی خودی سوڵتانیش بدەن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە باس لەپەیوەندی نێوان ئەرمەنەکان و بەریتانیا لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەکەین. ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە تیشك بخەینە سەر پەیوەندی نێوان ئەرمەنەکان و بەریتانیا، هەروەها ڕادەی هاوسۆزی و هاوکاری بەریتانیا بۆ ئەرمەنەکان لە کوردستان نیشان بدەین، ئەویش بە پشت بەستن بەچەند میتۆدێکی زانستی لە پێش هەموویان میتۆدی مێژوویی و خستنەڕو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانیتر وەکو لێکلێنەوە زانستییەکان و تێزی ماستەر و دکتۆراکان کە لەمبارەوە نوسراون، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش (هۆگر طاهر توفیق: الكرد والمسألة الارمنية) ، ( Tolga Başak: *İngilterenin Ermeni Politikası*) کە نموونەی سەرچاوەی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن هاوکات چەندین سەرچاوەیتر کە لەلیستی سەرچاوەکاندا ڕیزبەند کراون. لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەویەدا پێی گەیشتوین بریتیە لەوەی کە ئەرمەنەکان بەبێ گوێدان بە ژمارەی کوردەکان و ئاین و ویستی کوردەکان، هەوڵیانداوە بەپاڵپشتی دەوڵەتە زلهێزەکان، ئەرمەنستانی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکەن، لەکاتێکدا ئەم نەخشەیەی ئەوان



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شەش شاری گەورەی باکوری کوردستانی دەگرتەوە و زۆربەی باکوری کوردستان دەکەوتە ژێر دەسەڵاتیان.

هەروەها ئەرمەنەکان هەوڵیانداوە سوود لە لایەنی ئاینیان وەربگرن، بەوەی کە ئەوان مەسیحین. هەربۆیەش دەبینین هەمیشە خۆیان بەنوێنەری مەسیحییەکانی ناوچەکە زانیوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەرمەنەکان هەمیشە لەهەوڵی بەکارهێنان و بەدەستهێنانی یارمەتی بوون لە روسیا و لە بەریتانیا، تەنانەت ئەگەر لەوانیش بێ ئومێد بوبن، ئەوا هەوڵی بەدەستهێنانی سۆزی وڵاتانی ئەوروپیان داوە لەرێگەی رۆژنامەکان و چالاکییەکانیان لە ئەوروپادا.

## دەروازە: پوختەیەکی مێژوویی و جوگرافی ئەرمەن و ئەرمەنستان

یەکێك لەو نەتەوانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەبوە، لەپاڵ کورد و عەرەب و تورکمان و ..هتد، ئەوا ئەرمەنەکانیش لەو ناوچەیەدا بوونی هەبووە. سەبارەت بە ڕەچەلەکی ئەرمەنەکان، بۆچوونی جیاواز لەبارەی ناوی ئەرمەنەکان و مێژوویانەوە هەیە، بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی ناو و ڕەچەلەکی ئەرمەنەکانی چەند بۆچوونێك دەردەخات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەندێ لەتوێژەرانی مێژوو پێیان وایە ئەرمەنەکان دەگەڕێنەوە بۆ ناوی یەکێك لە کوڕەکانی پێغەمبەر نوح بەناوی (هایك) وە نەوەی ئەون، هەروەها ئاماژە بۆ توێژەرە ئەرمەنەکانیش دەکات کە ئەوانیش رەچەلەکی ناویان دەگێرنەوە بۆناوی چیای ئارارات، وە خۆیان بۆ سوارچاکان و پاڵەوانانی ئۆرارتۆ دەگەڕێننەوە.[١] لە سەدەی شەشەمی پێش زاین، ئەوکاتەی دەوڵەتی ئاشوری لەسەردەستی بابلییەکان و دەوڵەتی ئۆرارتو لەلایەن میدییەکانەوە ڕوخێنرا. بەمەش ناوچە ئەرمەنەکان نشینەکان کەوتە ژێر دەستی میدییەکان.[٢] دواتریش بە پێی گۆرانکارییە مێژووییەکان و هاتنی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی وەکو پارسەکان و ئەسکەندەری مەقدۆنی و ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی و ساسانی و دەوڵەتی ئیسلامی بە گشت قۆناغە جیاوازەکانییەوە تاکو کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیش، ئەوا بەگشتی هەرجارە و بارودۆخی ئەم ناوچەیە گۆرانکاری تێکەوتووە.[٣]

سەبارەت بە نەخشەی جوگرافی ئەرمەنستان، کە ئەرمەنەکان بانگەشەی ئەرمەنستانی گەورەی بۆدەکەن، ئەوا بەمشێوەیە، لەباکورەوە سنوری لەگەڵ دەریای ڕەش و جۆرجیایە، لە باشورەوە سنورەکەی بریتییە لە سنوری ئێران، سوریا، جەزیرە، دەریای ناوەڕاست، وە لەرۆژهەڵاتیدا ئێران و دەریای خەزەر هەیە، لەڕۆژئاواشیدا ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و دەریای ناوەڕاست هەیە.[٤] خاکی ئەرمەنستان لە میزۆپۆتامیاوە تاکو ڕوباری کور درێژ دەبێتەوە، وە لەنێوان دەریای رەش و دەریای خەزەر دا وەکو کەوانەیەکی لێدێت، وە ڕوباری فورات خاکی

ئەرمەنستان دەكات بە دوو بەشەوە.[٥] بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبینرێت جوگرافیای ئەم ئەرمەنستانە گەورەیە، بەشی زۆری جوگرافیای خاكی كوردستان دەگرێتەوە و ناكرێت بەخاكی ئەرمەنستان هەژماربكرێت، بەڵكو لە لاپەڕەكانی داهاتوو ئەم ڕاستییە بەدەردەكەوێت، كە ئەم ناوچانە كوردستانن و زۆرینەی دانیشتوانەكەشی كوردی مووسلَمانن و ئەرمەنەكان كەمینەن لەناوچەكەدا.

سەبارەت بە لایەنی ئاینی ئەرمەنەكانیشەوە، ئەوا لەسەرەتادا بت پەرست بوون وە خاوەنی چەندین خواوەن دبوون، بەناوەكانی ئارامازد، ئاناهید، ئاستقیك، ڤاهاگن، بەڵام لەدواتردا هەر لەسەدەی یەكەمی زاینییەوە ئاینی مەسیحی گەیشتۆتە ئەو ناوچەیە و دوان لە بانگەشەكارانی مەسیحی كە خۆیان بە قوتابی مەسیح لەقەڵەم داوە بەناوەكانی (بارتۆقیمۆس، تادیۆس) هاتونەتە ناوچەكە و لەلایەن خەڵكی ناوچەكەوە كوشتراون. لەدواتردا لەسەردەمی گریۆری پیرۆز، كە بە (لۆسارۆڤیچ) ناسراوە، هەر لەم سەردەمە بەدواوە ئاینی مەسیحی لەناوچەكەدا زیاتر پەرەیسەندووە.[٦]

## تەوەرەی یەكەم: ئەرمەنەكانی كوردستان لەسەدەمی دەوڵەتی عوسمانیدا

### یەكەم: هاتنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ كوردستان

سەرەتای پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی بە ئەرمەنەكانی كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥١٤ز بەدواوە، كە عوسمانییەكان لە دوای سەركەوتنیان لە شەڕی چالدێران هاتنە ناوچەكە و دواتریش ئەم ناوچەیە بو بە بەشێكی سنوری نوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی. تەنانەت میرە كوردەكانی ئەو سەردەمیش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە تەپڵ و ئاڵایان پێدرا و لە حوكمڕانی ناوچەكانی خۆیاندا مانەوە، هەڵبەت ئەمەش بە دەربڕینی هاوسۆزیان بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی. هەر لێرە بەدواوە دەتوانین بلێین سیستەمی دەوڵەتی عوسمانی و هەژموونی دەسەڵاتەكەیان بەسەر ناوچەكەدا چەسپا، كە خودی ئەمەش وەكو بەشێكی درێژكراوەی سیستەمی حوكمڕانی دەوڵەتانی ئیسلامی بوو، بەتایبەتی ئەو كاتە عوسمانییەكانیش هەمان شێوازی ئیلخانییەكان و سەلجوقییەكانیان گرتەبەر لە شێوازی حوكمڕانی هەرێم و ناوچەكانیاندا.[٧] بەمەش بە پێی سەرچاوە عوسمانییەكان، لەدوای شەڕی چالدێران دا، مەلا ئیدریسی بەدلیسی[٨] پلەی دادوەری سەربازی (قازی عەسكەری) لەلایەن یاوز سوڵتان سەلیم (١٥١٢-١٥٢٠)ەوە پێدرا و ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سەرپەرشتیكردنی ناوچە كوردییەكانی پێدرابوو.[٩] ئەمەش بەدەردەكەوێت هەروەكو دەبینین كوردستان بە گشتی پڕە لە ئاین و نەتەوەی جیاواز، یەكێكیش لەمانە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ئەرمەنەکانن کە کەوتونەتە ژێر سایەی حوکمڕانی میرە کوردەکان.[١٠] لەدواتریش دا سنوری کوردستانی عوسمانی دابەشی سەر چەند یەکەیەکی کارگێری کرا و بەپێی بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانی بە ژمارە ٤٥٢ لەساڵی ١٥٥١ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەشێکی زۆری باشوری کوردستان بەگشتی و ناوچە ئەرمەن نشینەکانی باشوری کوردستان بە تایبەتی کەوتنە چوارچێوەی ویلایەتی شارەزوور و ولایەتی موسڵ، بەتایبەتی ئەوکاتە ویلایەتی شارەزوور لەلایەن موراد بەگ ئەرنەئودەوە حوکمڕانی دەکرا.[١١]

## دووەم: ئەرمەنەکان لە ژێر حوکمڕانی کوردەکان تاکو ساڵی ١٨٧٨

ئەرمەنەکان بەگشتی بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەژێر سایەی میر و وکمڕانە کوردەکان ژیاون، تەنانەت هەر لەسەرەتای هاتنی عوسمانییەکان بۆ ناوچەکە و کێشەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویدا، دەبینین هێزێکی تایبەت بەناوی هێزی گۆلی وان لەنێوان ئەرمەنەکان و کوردکانی شاری وان لە ژێر حوکمڕانی عوسمانییەکان دروستکراوە، ئەمەش بەمەبەستی ڕوبەروبونەوەی هێرشەکانی سەفەوییەکان بۆ سەر شار و قەڵاکانی ناوچەکە.[١٢] تەنانەت ئەگەر سەیری سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی[١٣] بکەین، ئەوا دەبینین لە کۆی گشتی بەرگی چوارەمی کتێبەکەیدا کە تایبەتە بە باسکردنی کوردستان لە هەموو لایەکانییەوە، ئەوا (١٣٣) جار باسی ئەرمەنەکانی کردوە و ناوی ئەرمەنەکانی لە کوردستان هێناوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە، زیاتر ئەمە دەردەخات، کە ئەرمەنەکان کەمینەن لە شار و ناوچەکانی کوردستان و بەبێ کێشە ژیاون لەگەڵ کوردەکان.[١٤] هەروەکو نمونەی نزیکی خانی بەتلیس لە ئەرمەنەکان دەبینین وە تەنانەت زۆرجار لە باجدانیشدا نیوەی باجیان داوە یاخود لە باجدان بەخشراون، هەروەکو لەنمونەی ئەرمەنەکانی شاری وان دا دەبینین، لەبەرامبەر پێدانی جزیە، ئەوا خزمەتی قەڵای وان دەکەن.[١٥] سەرەڕای ئەوەش بە گشتی باسی ئەرمەنەکان دەکات وەکو کەسانی دەوڵەمەند و بازرگان ناویان دەبات، بەتایبەتی لە باسی ئەرمەنەکانی باشوری کوردستاندا، وە بەتایبەتتر ئەو ئەرمەنانەی کە لەدەوروبەری ئامێدی و ئاکرێ دەژیان و بەمەبەستی بازرگانی دێنە ناو شاری ئامێدی.[١٦] تەنانەت لەسەردەمی حوکمڕانی میر بەدرخان لە میرنشینی بۆتان دا، دەبینین ئەرمەنەکان ڕێز و پایەکی تایبەتیان لەلای میر بەدرخان هەبووە، تەنانەت دوو ڕاوێژکاری ئەرمەنی هەبووە بەناوەکانی (ستیبان مانوگلیان، ئەرگانیش تشارلیگزیان)، زیاتر لەوەش یەکێك لەسەرکردەکانی سوپای میر بەدرخان هەر لە ئەرمەنەکان بوو. هەربۆیە لەکاتی هێرشەکەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر میر بەدرخان و تەنانەت لە هەڵگەرانەوەکەی یەزدان شێریش دا، ئەرمەنەکان لەدژی دەوڵەتی عوسمانی دەوەستن و هاوکاری کوردەکان دەکەن.[١٧] تەنانەت میر بەدرخان ٢٥ پاسەوانی تایبەتی لە ئەرمەنەکان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەبوو.[١٨] بەگشتی ئازادی ئاینی بەتەواوی لەناو میرنشینی بۆتان دا هەبوو وە توانی هەستی ئەرمەنەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت لەدژی تورکەکان.[١٩] ئەم پەیوەندییەی نێوان کورد و ئەرمەن گەیشتۆتە ئاستێك کە تەنانەت ژن و ژنخوازیش لەنێوانیادا پەیدا بووە، کە ئەمەش ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (جوهانس لیبسیوس) لەساڵی ١٨٤٨ز دا باسی دەکات، وە خودی میر بەدرخان هانی ژن و ژنخوازی لە نێوان کورد و ئەرمەنی داوە.[٢٠] هەر لەماوەی حوکمڕانی میر بەدرخاندا، دەبینین قونسولی بەریتانیا لە ئەرزەڕۆم لەساڵی ١٨٣٨ هەڵساوە بە ئەنجامدانی گەشتێك بۆ ناوچە کوردییەکان بۆ زانینی بارودۆخی ئەرمەنەکان لەناوچەکەدا و ئاماژە بە هەبوونی پەیوەندییەکی باسی نێوان و کورد و ئەرمەن دەکات و دەشلێت ئەم ناوچەیە زۆرینەی کوردن، ئەگەرچی ئەرمەنیش لەوێدا هەن.[٢١] ئەم دۆستایەتییش هەر لەلایەنی کۆمەڵایەتیدا نەماوەتەوە، بەڵکو فەرهاد پیربال پێی وایە لەلایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیریش دا ڕەنگیداوەتەوە و دەبینین لەساڵی ١٨٥٧ز دا بەهاوکاری ئەرمەنەکان ئینجیلێك لەزمانی یۆنانییەوە بۆ زمانی کوردی – دیالێکتی کرمانجی و ئەلف و بێی ئەرمەنی لە ٣٩٨ لاپەڕەدا چاپکراوە.[٢٢] ئەمەش لەلایەن مسیۆنێر و قەشە ئەرمەنییەکان بلاوکراوەتەوە.[٢٣] بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ ئەرمەنەکان بەگشتی ئەوکاتە دوو بەش بوون، ئەگەرچی بەشێکیان دۆست و هاوسۆزی میر و میرنشینە کوردییەکان بوون، بەڵام بەشێکیشیان پێچەوانە بوون، بەگشتی دوو جۆر بوون، کە ئەرمەنەکانی کوردستان کە زیاتر پیاوانی بازرگان و ئاغا و دەوڵەمەند بوون، ئەوا دۆستی کوردەکان و کیانە کوردیەیکان بوون، بەڵام هەندێکیتر لەوانەش دژی کوردەکان بوون، بەتایەبتی بەتریکی ئەرمەنییەکان لە ئەستەنبوڵ، تەنانەت سەرچاوە ئەرمەنییەکانی وەکو (ئەفدیس بربریان: تاریخ الارمن) دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەتریکی ئەرمەن (پیدەرماتۆس) لەبەرواری ٩-١٠-١٨٤٧ هەڵساوە بەناردنی نامەیەکی گشتی بەناوی ئەرمەنەکانەوە بۆ سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩-١٨٦١) کە پیرۆزبایی لە سەرکەوتنەکەی سوڵتان دەکات و هێرشێکی توندیش دەکاتە سەر کوردەکان.[٢٤] هەروەها لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەی زاینی دا، واتە لەدوای ڕوخانی میرنشیە کوردییەکاندا، دەبینین دەوڵەتی عوسمانی هەڵساوە بە بەکارهێنانی ئەرمەنەکان بۆ لێدانی جوڵانەوەیەکی کوردی لەناوچەی ئەکجداغ کە ناوچەیەکی تابعی ویلایەتی بەدلیسە، کە کوردەکان داواکاربوون دەوڵەتی عوسمانی دەست لەکاروباریان وەرنەدات، هەرچەندە سوپای عوسمانییەکان لەچەندین ڕووبەڕوبونەوەدا شکست دەهێنن، بەڵام لەوکاتەدا تورکەکان داوای هاوکاری لە ئەرمەنەکانی ناوچەی زەیتون دەکەن و بە ڕێکەوتن لەسەر دووخاڵ دا، ئەرمەنەکان هاوکاری سوپای تورکەکان دەکات، خاڵەکانیش بریتین لە: ١- دەوڵەتی عوسمانی پارێزگاری لەسەربەخۆییان دەکات و تەداخولی کاروباری ناوخۆییان و حوکمی خۆبەڕێوەبەرییان ناکات. ٢- سوپای ئەرمەنەکان بەشداری ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەڵمەتە دەکات و لەژێر فەرماندارییەتی سەرکردەی ئەرمەنەکانی خۆیان دەبێت، نەوەك سەرکردایەتی عوسمانی. بەمەش بەفعلی بەشداری دەکەن و زەرەرێکی زۆر لە جوڵانەوە کوردییەکەی ناوچەکە دەدەن. ئەم ڕاستییەش زۆرجرا مێژونوسە ئەرمەنەکان بە شانازییەوە باسی لێوە دەکەن.[٢٥] ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستییەیە، کە ئەگەر کوردەکان لە سوارەی حەمیدیەدا بۆ دژایەتی ئەرمەنەکان بەکارهاتبێتن، ئەوا دەبینین ئەرمەنەکان نزیکەی سی ساڵ لەپێشتر وەکو بۆ دژایەتی جوڵانەوە کوردییەکان بەکارهاتونە و ئەمەش وەفای چەندین ساڵ بە ئارامی و سەلامەتی ژیانیان لەژێر سایەی میر و میرنشینە کوردییەکان بووە، بەتایبەتتر کە ئەرمەنەکانی ناوچەی بەتلیس پەیوەندییان لەگەل میرەکانی بەتلیس خۆش و بێ کێشە بووە!

## تەوەرەی دووەم: پەیوەندی نێوان بەریتانیا و ئەرمەن

### یەکەم: پەیوەندی نێوانبەریتانیا و ئەرمەن بەگشتی لەچوارچێوی دەوڵەتی عوسمانیدا

حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ پەرەپێدانی سیاسەتی کۆنترۆلکردنی ڕێگاکانی بازرگانی لە وڵاتی هیندستانەوە تاکو بەریتانیا، وە لە دەرئەنجامی هێرشەکانی ناپلیۆن بۆسەر وڵاتی میسر و دروستکردنی مەترسی بۆسەر نفوزی بەریتانیا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا بەریتانیا کاری بۆ ستراتیژییەتەکی بەهێز کرد ئەویش کۆنترۆلکردنی تەواوی ریگاکانی بازرگانی بەگشتی و دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی. هەر لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پلانەدا نەیارێکی نوێ و بەهێز بۆ بەریتانیا دەرکەوت، ئەویش ڕوسیا بوو. خودی ئەم دەرکەوتنەش لە هەوڵەکانی فراوانخوازی و هاتنەخوارەوەی ڕوسیا بۆ کۆنترۆلکردنی ئاوە گەرمەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بو بە دەرخەری ئامانجی ڕاستەقینەی ڕوسیا و ئەمەش مەترسی لەسەر سیاسەتی بەریتانیا زیاتر دروستکرد.[٢٦] هەر ئەمەش وایکرد ترسی دەستدرێژییەکانی روسیا بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی و تێکدانی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ڕونتر کرد، لێرەوە بەریتانیا بەدوای چەند پاساوێك یاخود چەند دەرفەتێك دەگەڕا بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەرمەنەکان و گەورەکردنی کێشەی ئەرمەنە لە ناوچەکەدا. بەریتانیا بۆ بەرگریکردن لە ئەرمەنەکان و باسکردنی کێشەی ئەرمەن دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو، ئەوانیش بریتی بوون لە: ڕێگریکردن لە بەرەوپێشچوونەکانی ڕوسیا و فراوانخوازییەکانیان بەرەو ئاوە گەرمەکان، کە بەگشتی ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەگرێتەوە، هەروەها بەریتانیا دەیویست بە بەکارهێنانی ئەرمەنەکان دەست



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەکاروباری ناوەخۆی دەوڵەتی عوسمانی وەربدات و کاریگەری لەسەر ئاراستەی سیاسەتی ئەو وڵاتە هەبێت. بۆ ئەمەش چەند پاساوێکی هەبوو کە خۆی لە پاراستنی مەسیحییەکانی ناودەوڵەتی عوسمانی و پاراستنی ئەرمەنەکان و نزیکبونەوە لە بارودۆخ و گوزەرانی ئەرمەنەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی.[٢٧] بۆ ئەمەش دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی پێشوتر بەتایبەتی لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەی زاینی دا، دەبینین ڕێژەی مەسیحی لەناو دەوڵەتی عوسمانی ڕووی لەکەمی کردبوو. بەتایبەتی لە سالانی ١٧٤٠ بەدواوە پارێزەرانی مەزهەبی کاسۆلیك (فەرەنسییەکان) وە هەروەها پارێزەرانی ئۆتۆدۆکس (روسییەکان) ئەمانە و هەرکام لە گروپە ئاینییەکانیتردا لەپاڵ هەوڵی پاراستنی مەسیحی لەناوچەکەدا، ئامانجی دارایی و بازرگانیان لە ناوچەکەدا هەبوو. بەتایبەتی لەساڵی ١٨٤٠ بەدواوە بارودۆخی ناوچەکە گۆرا و بەریتانیا پیویست بوو پارێزگاری لە دەوڵەتی عوسمانی بکات لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا لەدژی فەرەنسییەکان و ڕوسییەکان بوەستێتەوە. بەمەش پێویستی بەوە بوو گروپێکی ئاینی (پرۆتستانت) لەناوچەکەدا دروست بکات، بەتایبەتی لەناو مەسیحییەکانی ناوچەکە. کە ئەمەش پێویستی بە ڕۆڵی بەرچاوی مسیۆنێرەکان دەبێت. بۆ ئەمەش لەساڵی ١٨٤٠ یەکەمین کڵێسای پرۆتستانتییەکان لە قودس دروستکرا و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی پرۆتستانتی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا دەستپێکرد. بەمەش ئەرمەنەکان لە زۆربەی ناوچەکانی لوبنان و ئەستەنبۆڵ و ناوچەکانی ئەنادۆڵۆ بەزوویی ئەم مەزهەبەیان قبوڵکرد و بەمەش بەریتانیا بوو بە خاوەنی کۆمەڵگایەکی پرۆتستانتی لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا و بوون بە مەزهەبێکی سەربەخۆ. لەم ڕێگەیەشەوە بەریتانیەکان توانیا زیاتر دەستکاری ناو کاروباری دەوڵەتی عوسمانی بکەن. ئەم ڕاستییەش لە یەکێك لە بەڵگەنامە عوسمانیەیکاندا بەدەردەکەوێت. کە تەلەگرافنامەیەك لە بەرواری ٢٤-٨-١٨٩٦ لەلایەن سەفیری بەریتانیاوە بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی بەریتانیا نێردراوە و کۆپییەکی کەوتۆتە دەستی دەوڵەتی عوسمانی، کە تیایدا باسی سەرکەوتنیان دەکەن لە بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەیان و لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم مەزهەبەوە بتوانن دەست لەکاروباری ناوەخۆی ئەم دەوڵەتە وەربدەن.[٢٨] ئەم راستییەش دەردەکەوێت لە چالاکییەکانی ئەرمەنە پرۆتستانتەکان، ئەویش بە دروستکردنی کڵێسای تایبەت بەخۆیان و دروستکردنی قوتابخانە و نەۆشخانە و بەخشینی هاوکاری ماددی بە خەڵکەکانی خۆیان و پێدانی مووچە بە کەسە نزیکەکانیان[٢٩] وە لە هەمان کاتیشدا لە ژێرناوی کڵێساوە سیاسەتی بەریتانیا جێبەجێدەکەن و حکومەتی بەریتانیاش بە پارێزگاری لە کڵێسای پرۆتستانتی دەکات.[٣٠] ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستیەیە کە ئەرمەنەکانیش تەنها وەکو هۆکارێك بەکارهێناون لەلایەن بەریتانییەکانەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

## دووەم: پەیوەندی نێوان بەریتانیا و ئەرمەن لە کوردستان

بەشێوەیەکی گشتی شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی بەلقان، کە هەر لەساڵی ١٨٧٥ز ەوە هەبووە. بەمەش لە بەرواری ٢٤- نیسان-١٨٧٧ بڕیاری شەڕکردن و هێرشکردنە سەر دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند و لە دوو بەرەوە هێرشەکەی دەستپێکرد، ئەوانیش: بەرەی بەلقان (واتە: بەشە ئەوروپییەکەی تورکیا) وە بەرەی قەوقاز کە ئەمەش دەکەوێتە سەر سنوری باکوری کوردستان. کە هەر لەسەرەتای شەڕەکەوە دەوڵەتی عوسمانی زەرەرێکی کوشندەی بەر سوپایەکەی کەوت و شاری ئەرزەڕۆمی لە دەست دەرچوو، لەمەشدا بەشێك لە ئەرمەنەکان بە چەکی خۆیان و خۆبەخشانە هاوکاریان کردن[٣١]، بەڵام بەشێك لە ئەرمەنەکان نەیاندەویست دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی بکەن. ئەمە سەرەڕای شکستی سوپایەکە و کوژران و برینداربوونی هەزاران سەرباز. بەگشتی هەڵوێستی ئەرمەنەکان هەروەکو هەڵوێستی کوردەکان دوو بەش بوون، کە بەشێکی ئەرمەنەکان پاڵپشتی دەوڵەتی ڕوسیایان دەکرد بەتایبەتی نائیبی ئەرمەنی لە شاری حەلەب بەناوی (مانون ئەفەندی) پاڵپشتی خۆی بۆ ڕوسییەکان دەربڕی و نەیدەویست چیتر لەگەڵ موسڵمانەکان ببن. لەکاتێکدا بەتریکی ئەرمەنییەکان لەسەرەتای شەڕەکەوە پاڵپشتی خۆی بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەبڕی. تەنانەت نەرسیس (بەتریکی ئەرمەنییەکان) پێی وابو دەبێ شەربکەن و بەرگری بکەن، تا بە ئازایەتی و دلێرییەوە بمرن، نەوەك بەشەرم و عەیبەوە. تەنانەت ئەم هەڵویستەی بۆ سەفیری بەریتانیا (هێنری لایارد) دەربڕی، تەنانەت لایارد لەنامەیەکیدا بۆ وەزیری خاریجی بەریتانیا (دیربی) لە بەرواری ٢٤-٨-١٨٧٧ دا دەڵێت "سوڵتان پێشوازی لە بەتریکی گشتی ئەرمەنەکان کرد و دوای گفتوگۆکردن لەنێوانیان، سوڵتان دیارییەکی پێ بەخشی کە بە وسامی عوسمانی ناسراوە".[٣٢] ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەیە سەرەتای کێشەی ئەرمەن لەم شەڕەوە سەرهەڵدەدات، ئەویش بەهۆی هاوکاریکردنی ئەرمەنەکان و چاوساغیکردنیان بۆ سوپای ڕوسیا، ئەوا ڕوسەکانیش بەڵێنی دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورە[٣٣] دەدەن و ئەم دەوڵەتەش خاکی شەش شاری باکوری کوردستان دەگرێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرەتای دروستبوونی کێشەی نێوان ئەرمەن و کورد.[٣٤] بەریتانییەکان لەم ماوەیەدا ئاگاداری بارودۆخی ئەرمەنەکان بوونە و بەردەوام لەڕێگەی قونسلخانەی ئەرزەڕۆم و قونسلەکەیان (زوهراب) وە سەفیرەکەیان لە ئەستەنبۆل (لایارد)ەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەرمەنەکان و کوردەکان بوون. تەنانەت ئاگاداری کوشتار و کێشەکانی نێوانیشان بوون. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکات کەم و کوڕی لە زانیارییەکانیان دا هەبوو، بۆ نموونە لە هەواڵی بارودۆخی شاری بایەزید دا، قونسولی بەریتانی کاتێك هەواڵی ئەم شارە بەنامە بۆ سەفیری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەریتانیا لە ئەستەنبۆڵ دەنێرێ، ئەوا لەسەر زاری کەسێکی نزیکی خۆی کە لەئەسلدا ئەرمەنە و لەزاری ئەوەوە باسی کوشتاری ئەرمەنەکان بەدەستی کورد و دەستدرێژی کوردان بۆسەر ئافرەتی ئەرمەن دەکات، لەکاتێکدا کوردەکان شانبەشانی سەربازانی عوسمانی بەرگرییان لە شارەکە کردوە. هەروەها زۆر لە پێشوتریش ئەرمەنەکان لە دیاربەکر و لەشارە کوردییەکانیتر دەستیان کردوە بەکوشتاری کورد کە نزیکەی ٤٥ کەس دەکوژن و سێ شێخی موسڵمان لەشارەکە دەکوژن، تەنانەت لەگەڵ گرتنی بایەزد و قارس دەبینین ژمارەیەك کوردیتر لەلایەن ڕوسەکانەوە دەکوشترێن، ئەمەش لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنەکانیش بەدەستی کوردەکانەوە کوشتراون بەتایبەتی بەپێی ڕاپۆرتەکانی لایارد، لە کوردەکان (شێخ جەلالەدین) ناوێك لە فرقەی شاری وان لە سوپای عوسمانیەکان ڕۆڵی هەبووە لە لەناوبردنی ئەرمەنەکاندا.(٣٥) فراوانخوازی ڕوسەکان لە ناو دەوڵەتی عوسمانی و تاکو گرتنی قارس، لەلایەن بەریتانیەکانەوە بەمەترسییەکی گەورە هەژمارکرا، هەربۆیە سەفیری بەریتانیا لە ئەشتەنبۆڵ پێی وابوو، هەر پاشایەك لەم ناوچەیە بێت کێشە نییە، بەڵام هەبوونی ڕوسەکان لەم شوێنەدا وەکو کودەتایە و مەترسی گەورەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە دەبێ ڕێگرییان لێبکرێ.(٣٦) هەربۆیە لەم کاتەدا سەرپەرشتیاری گشتی بەریتانییەکان لە هیندستان بەناوی (لۆیارد لیتۆن) لەنامەیەکی دا بۆ لایارد دەڵێت "وەك زانیومانە ڕوسیا چەند ناوچەیەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ داگیرکردووە، ئەگەر بێت ئەم ناوچانە لەژێر دەستی دابێت، ئەوا بەهەمان شێوە تەواوی باکوری ئێرانیش دەست بەسەر دادەگرێت و لێرەدا سەرجەم ناوچە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێتە ژێردەستی و سەلامەتی ڕێگای بازرگانیەکەی ئێمە و ئیمپراتۆرییەتەکەمان لە هیندستان دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ڕوسیا".(٣٧) بەهەمانشێوە و بەتۆزێك ڕونکردنەوەی زیاتر دا لە چوار خاڵ دا لایارد بە تەلگرافنامەیەك بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەنێرێت و ڕونکردنەوە لەسەر مەترسیدارییەتی ڕوسەکان دەدات. بەهەمانشێوە ئەگەرچی ئەم ناوچانە بەشێکی ئەرمەن نشینن و بۆ بەریتانییەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەهەمانکاتدا لە ڕوانگەی لایاردەوە، ئەگەربێتو ئەم ناوچانە بکەوێتە ژێردەستی ڕوسەکان و ئەرمەنەکانیش مافەکانیان پێبدرێت، ئەوا ئەم هەڵوێستە کاردانەوەی لەسەر موسڵمانانی هیندستان دەبێت و وادەکات ڕاپەڕین بەرپا بکەن.(٣٨) لە ئەنجامدا شەڕی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە ڕاوەستێنرا و ڕێکەتنامەی سان ستیڤانۆ لە ١٩ی شوبات تاکو ٣ی مارت – ١٨٧٨ بەسترا، بەمەش ڕوسیا بەشێکی زۆری خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی کەوتە دەست. ئەمەش لەلایەن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (لۆیارد سالسبۆری) ئەم ڕێکەوتنە بەشتێکی خراپ بۆ بەریتانیا هەژمار کرد، لە هەمان کاتیشدا لایارد ئەم بارودۆخەی بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکەیان هەژمارکرد، تەنانەت ئەگەر ڕوسیا لەم ناوچانەی دەستی بەسەر داگرتوە ئامانجی دروستکردنی ئەرمەنستانیش بێت!



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەمەش بەڕوونی دەردەکەوێ سەرەتای کێشەی ئەرمەن و سەربەخۆبونیان لەناوچەکەدا لەبەرژەوەندی بەریتانیادا نەبووە و بەتەواوی بەریتانیا دژی هەر دەسەڵاتێك بووە کە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئەوان بێت و جگە لە دەوڵەتی عوسمانی هیچ دەوڵەتێکیتری لەناوچەکەدا قبوڵ نەبووە. بەتایبەتی لە مادەی ١٦ی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا هاتوە، کە ئەم ناوچانەی ڕوسەکان دەمێننەوە دەستیان بەسەردا گرتوە، لەوەیە لەدواتردا کێشە بۆ دروست بکات لە نێوان دوو دەوڵەتدا، هەربۆیە پێیوستە دەوڵەتی عوسمانی بەڵێینی چاکسازی بدات لە هەموو ئەو ویلایەتانەی کە ئەرمەنەکان تیایدا نیشتەجێن، هەروەها بەڵێنی سەلامەتی ئەرمەنەکان بدات لە مەترسی کورد و چەرکەسەکان.[٣٩] لەمادەی ١٩ دا هاتووە کە دەوڵەتی ڕوسیا لە ناوچەکانی باتوم، ئەردەهان، قارس، شکیرد دەمێننەوە، تاکو دوای چاکسازی عوسمانی لەناوچەکەدا ئینجا ناوچەکە جێدێڵن. خودی ئەم مادانەش کاردانەوەی بەریتانیای لێکەوتەوە و وایکرد بێنە ناوکیشەکەوە و هەروەکو لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد، بۆچونەکانی خۆیان لە بارەی مافی ئەرمەنەکان و ئەم ڕێکەوتنەوە دەربڕی. بەمەش ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (ئۆتۆفۆن بسمارك) پێشنیاری چارەسەری کێشەکەی بۆ کردن بەبێ شەڕ و کێشە ئەویش بە ئەنجامدانی کۆنگرەی بەرلین.[٤٠]

## تەوەرەی سێیەم: کۆنگرەی بەرلین و دەرئەنجامەکانی

### یەکەم: کۆنگرەی بەرلین و هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر ئەرمەن

ئەم کۆنگرەیەش هەر لە ئەنجامی درێژبونەوەی کێشەی ئەرمەنەوە بوو، بەتایبەت لەمکاتەدا بەریتانیا بەراستەوخۆ هاتە ناو کێشەی ئەرمەنەوە. ئەگەرچی ئەرمەنەکان بەسەرکردایەتی خرمیان هاریك (سەرۆکی وەفدی ئەرمەنی لە کۆنگرەی بەرلین) پرۆژەیەکی شەش خاڵیان ئامادەکردبوو بۆ ئەم کۆنگرەیە و بۆ جێبەجێکردنی، کە هەمووی لەبەرژەوەندی خۆیان بوو وە هیچ مافێکی بچوکیشی بە نەتەوە و ئاینەکانیتری ناوچەکە نەدەدا، بەتایبەتی ئەو شارە کوردیانەی کە ئەوان دەیانویست ئەرمەنستانی تێدا دروستبکەن و خۆیان کەمینەبوون. هەر بەوەش نەوەستان، بەڵکو داتایەکی ناڕاستیان دا بە کۆنگرەکە، کە تیایدا ئەرمەنیان بە زۆرینەی خەڵکی هەرێمەکە هەژمار کردبوو، لەکاتێکدا ئەرمەنەکان کەمینەی ناوچەکە بوون.[٤١] سەرەڕای ئەوەش ئاماژەیان بە خراپی گوزەرانی خۆیان و زوڵم و ستەمی موسڵمانان و تەنانەت کوردەکان بەتایبەتی دەکرد، بەڕادەیەك باسی کوردیان لە ئەوروپا دەکرد، هێندە باسی سیستەمی ئیداری و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەیان بەخراپی نەدەکرد، بەڵام لەبارەی ڕاستی ژیانی ئەرمەنەکان و ژمارەیان لەناوچەکەدا سیاسیەکانی بەریتانیا ئاگاداربوون و داتا و زانیاری پێشینەیان هەبووە و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاگاداری ڕەوشی ژیانیئ رەمەنەکانی ناوچەکە هەبوون.[٤٢] هەروەکو دەبینین لە ڕاپۆرتێکی قونسولی بەریتانیا لە ئەرزەڕۆم لەبارەی ئەرمەنەکانەوە لە ٣١-٣-١٨٦٩ نوسیویەتی "ئەرمەنەکانی ئێرە زۆر بە ئەرێنییەوە سەیری ڕوسییەکان دەکەن، ڕوسەکان وەکو تاکە هێزەك دەبینین کە لە دەسەلاتی سوڵتان ڕزگاریان بکات، تەنانەت هیچ دەرئەنجامێکی هەوڵ و ماندوبوونی قونسلخانە و مسیۆنێرەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لەبەرچاو ناگرن، هەتا ئەگەر بەمشێوەیە بێت، لەکاتی ڕودانی شەڕدا زۆر بەئاسانی دەبنە لایەنگیری ڕوسەکان. زیاتر لەوەش ئەرمەنەکانی ئەرزەڕۆم زۆر لەموسڵمانەکانی ئێرە خۆشتر دەژین، بەگشتی خەریکی بازرگانین و بەهۆی کاریگەری ڕوسیاوە زۆر بەئاسانی دەبنە مەترسی بۆ سەر حکومەت". هەروەها لە ڕاپۆرتێکیتری جێگری قونسولی ئەرییۆس بۆ سەفیری بەریتانیا لە ئەستەنبۆڵ تیایدا دەنوسێت "مەسیحییەکانی ئاسیا بەگشتی (ڕۆمەکان و ئەرمەنەکان) گوزەرانیان لە موسڵمانەکانی ناوچەکە خراپتر نییە، ئەوان کێشەیان لەگەڵ بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی ناوچەکەیە..".[٤٣] پەتریك نەرسیس لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ ئەرمەنەکان، وە بە لایارد دەڵێت "وان و سیواس و دیار بەکر و کلیکیا) و هەمو ناوچەکانی نێوانمان دەوێت، کە شوێنی دەسەلاتی پێشووی ئەرمەنەکان بووە. لەکاتێکدا ئەم ناوچانە زۆرینەیان موسڵمانن.[٤٤] لەهەمان کاتیشدا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (لۆرد سالسبۆری) پێی وابوو کە دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنستان لەم ناوچەیەدا کارێکی ئەستەمە و لەمبارەیەوە دەڵێت "لە ئێستادا زروفەکان بۆ سەربەخۆبوونی ئەرمەنەکان لەبار نییە و باش نییە، ئەم شوێنانە وەکو ئەرمەنستان نییە و چەندین نەتەوە و ئاینی جیاواز لەم ناوچەیەدا هەیە، هەربۆیە سەربەخۆبوون و دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنستان لەم ناوچەیەدا کارێکی قورسە، تەنانەت دروستکردنی ناوەندێکی ئەرمەنی لەیەك شوێندا (واتە لەناوچەکانی کوردستاندا)کارێکی قورسە" هەر بۆیە پێی وابوو ئەم سەربەخۆبوونەی ئەرمەنەکان لەم کاتەدا و لەم ناوچەیەدا و زەرەری زیاترە لە قازانج بۆ بەریتانیا.[٤٥] بەگشتی لەم کاتەدا بەریتانیا زۆر بەزیرەکی یارییکرد لە کێشەی ئەرمەن و توانی خۆی بکاتە خاوەنی کێشەی ئەرمەن و چەندین دەستکەوتیش بەدەستبهێنیت، لەوانە: ڕێکەوتنی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامدا تاکو دورگەی قوبرسی پێدات و ئەویش قاعیدەی عەسکەری بەریتانی بهێنێتە ئەم شوێنە بۆ زیاتر چاودێریکردنی بەرژەوەندیەیکانی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هەروەها لەگەڵ ڕوسیا ڕێکەوت بە کشانەوەیان لە چەند ناوچەیەکدا کە لەشەڕی عوسمان ڕوسیدا دەستی بەسەرداگرتبوون. واتە: ناوچەکانی ئەرزەڕۆم و دیارەبکر و ناوچەکانیتر لەدەست دەدات، بەلام لەبەرامبەریدا ناوچەکانی قارس، ئەردەهان و باتوم بەپێی مادەی ٥٨ ی کۆنگرەی بەرلین بەدەستی دەهێنێت.[٤٦]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەگشتی بەریتانیا توانی چەند دەستکەوتەکیتریش بەدەستبهێنیت، کە تیایدا وای نیشاندا کێشەی ئەرمەن هەموو ئەوروپا خاوەنداریيەتی دەکات، لەکاتێکدا خۆی کرد بە بەرپرسی یەکەمی ئەو کێشەیە، واتە کێشەی ئەرمەنەکانی لەژێردەستی ڕوسیا دەرهێنا. هەروەها جگە لە بەدەستهێنانی قوربرس، ئەوا توانی ڕوسیا لە مەترسییەکانی ڕێگای بازرگانییەکەی دوربخاتەوە کە ئەمە بۆ بەریتانیا زۆر گرنگ بوو.(٤٧) سەبارەت بە چارەنوسی ئەرمەنەکانیش، ئەوا پێیان وابوو تاکە چارەسەرێك بۆ ئەرمەنەکان، ئەوەیە دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی چاکسازی بدات لەم ناوچەیە ئەویش بە سەرپەرشتی و چاودێری وڵاتانی ئەوروپی (واتە ئۆتۆنۆمی ئەرمەن دواخرا).(٤٨) بۆ ئەمەش دەبێ ئەوەمان لەبیربێ کە ڕوسیاش تەنها دەیویست ئەرمەنەکان وەکو هۆکارێك بۆ نزیکبنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێ و زۆر گەرموگوڕ نەبوو لە جێبەجێکردنی داواکاری ئەرمەنەکان (ئۆتۆنۆمی یان دەوڵەتی ئەرمەنستان).(٤٩) لە ئەنجامدا خاڵی ١٦ لە ڕێکەوتنامەی سان ستیڤانۆ گۆڕا بۆ خاڵی ٦١ لە ڕێکەوتنامەی بەرلین، کە تیایدا بڕیاردرا: دەوڵەتی عوسمانی ڕیفۆرمێکی گشتی لەناوچەکەدا بکات، ئەمەش بەچاودێری وڵاتانی ئەندام لە کۆنگرەکە،(٥٠) هەروەها دەوڵەتی عوسمانی زامنی سەلامەتی ئەرمەنەکانی ناوچەکە بکات لەدەستی چەرکەس و کوردەکان.(٥١) ئەگەرچی ئەرمەنەکان بەم دەرئەنجامە ڕازی نەبوون، چونکە بەکەمتر لە ئۆتۆنۆمی ڕازی نەدەبوون، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئەمە دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ ئەرمەنەکان و وایلێهات کێشەی ئەرمەن ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و لەچوارچێوەی پشتگیری ڕوسیا دەربچێت.(٥٢)

## دووەم: چاکسازی یەکەمی ئەرمەن

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ڕێکەوتنامەی بەرلین بریتی بوو لە ئەنجامدانی چاکسازی ئەرمەنی لەناوچەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆل – دەوڵەتی عوسمانی (واتە: باکوری کوردستان) بە مەبەستی بەدواداچوونی کێشەی ئەرمەنەکان، بەمەش هەریەك لە بەریتانیا و ڕوسیا لەهەولی خێرادابوون بۆ چاودێریکردنی سکاڵای ئەرمەنەکان لەناوچەکە و چاودێریکردنی پرۆسەی چاکسای لەناوچەکە.(٥٣) بەڵام لێرەدا کێشەیەك لەبەردەم ئەنجامدانی چاکسازی ئەرمەنی دروست دەبێت، ئەویش هەبوونی ژمارەیەکی زۆری موسڵمانانە، وە ئەرمەنەکان لەم شوێنانەدا کەمینەن و ئەمەش لەوەیە ببێتە کێشە و کاردانەوەیەکی گەورەی موسڵمانان – کوردانی ناوچەکە. هەروەکو لە تەلەگرافێکی لۆیارد بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (سالسبۆری) ناردوە و تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "لەم ناوچانەدا ئەرمەنەکان کەمینەن و موسڵمانانیش زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە پێکدێنن، تەنانەت ئەرمەنەکان تواونەتەوە لەناو پێکهاتەی ناوچەکەدا، هەربۆیە چاکسازیکردن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرکەوتنی زۆر ئەستەمە".(٥٤) تەنانەت لایارد ئەنجامدانی ئەم چاکسازیانەش بە مەسرەفێکی مادی پێویستی زۆر دەزانێ و پێویستە دەوڵەتی عوسمانی پارەیەکی زۆر سەرف بکات بۆ ئەم چاکسازییانە، بۆ ئەمەش بەریتانیا دەتوانێت قەرز بدات بە دەوڵەتی عوسمانی.(٥٥) لەهەمان کاتیشدا ئەرمەنەکان بە گوفتاری خۆیان دەترسن لە تۆڵەسەندنەوەی کوردەکان لێیان، هەروەکو نەرسیس (بەتریکی ئەرمەنی) لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ لایارد لە بەرواری ١٨-٩-١٨٧٨ دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەگەر بێت و بەریتانییەکان گوێ بە سکالای ئەرمەنەکان نەدەن و گرنگیان پێنەدەن، ئەوا ئەرمەنەکان لەترسی تۆڵەسەندنەوەی کوردەکان، لەکاتی کشانەوەی سوپای ڕوسیادا، لەگەڵ ڕوسەکان ناوچەکە جێدێڵن. لەکاتێکیشدا هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی سکالا لەدژی کوردەکان، هەر خودی لایارد ئەمانە بە ناراست دەزانێ.(٥٦) لەکاتێکدا کۆچکردنی هەندێ لە ئەرمەنەکانی ناوچەکە لە دەرئەنجامی شەڕی نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٨٢٨-١٨٢٩ وە شەڕی ساڵی ١٨٧٧-١٨٧٨ بوو، کە لە تۆڵەکردنەوەی عوسمانیەکان دەترسان، هەروەها لە تۆڵەکردنەوەی خوێنی ڕژاوی کوردەکان دەترسان کە ساڵێك پێشتر لەکاتی هێرشی ڕوسەکان بۆ ناوچەکەدا، ئەرمەنەکان ژمارەیەکی زۆری کوردیان لەو ناوچانەدا کوشتبوو، هەر ئەمەش وایکردبوو بەشێکی کوردیش کۆچ بکەن بۆ ناوچە تورك نشینەکان و ناوەڕاستی ئەنادۆڵ و ئەستانبۆڵ.(٥٧) هەموو ئەم زەختانەش وایکرد، ئەرمەنەکان دەستبکەن بە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی گەورە لە ئەوروپادا لەرێگای لۆبییەکانی خۆیان و ڕۆژنامەکاندا، وە ترسی خۆیان بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی و ستەمی ئەوان و مەترسی کوردەکان نیشاندا.(٥٨) هەموو ئەمانەش هەڵمەتەکانی ئەرمەن زیاتر لە قەبارەی خۆی گەورە کراوە و لە ڕاستیدا بەمشێوەیە نییە.(٥٩) بەمەش حکومەتی بەریتانی هەر لەسەرەتاوە بەشێك لە ئەفسەرانی بۆ ناوچەکانی کوردستان نارد، تاکو چاودێری ڕەوشی کەمەنەتەوە و ئاینەکانی ناوچەکە بەوردی بکەن و ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەشی حکومەتی بەریتانی بکەن.(٦٠) بەمەش دوو لیژنە بۆ سەرپەرشتیکردنی چاکسازی و چاودێری ئەرمەنەکان نێردرایە باکوری کوردستان لە مانگی شوباتی ١٨٧٩. کە لیژنەیەك بۆ ناوچەکانی وان، ئەرزەڕۆم، بەتلیس وە لیژنەیەکیتر بۆ ناوچەکانی دیاربەکر و حەلەب نێردران. لیژنەی یەکەم (ئەرزەڕۆم) بەسەرۆکایەتی کەسێك بەناوی یوسف پاشا وە کەسێکی ئەرمەنی بەناوی سەرکیس ئەفەندی بوو، هەروەها لیژنەی دیاربەکر بە سەرکردایەتی عابدین بەگ و کەسێکی ئەرمەنی بەناوی ماناس ئەفەندی بوو.(٦١) بەمەش لیژنەکەی ئەرزەڕۆم تەئکیدی لەسەر دامەزراندنی چەند خاڵێك کردەوە لەوانە دامەزراندنی پۆلیس (جەندرمە)ی نوێ بۆ ناوچەکە و دانانی لیژنەیەك لە ئەرزەڕۆم بۆ سەیرکردنی سکالایەکان کە پێك هاتبێت لە ٣٨ ئەندام، کە ١٠ ئەندام لە ئەرمەنەکان و ٢٨ ئەندام لە موسڵمانان بێت، بەڵام ئەرمەنەکان ئەمەیان ڕەتکردەوە بەبیانوی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەوەی نابێ کورد لەم لیژنەیەدا هەبێ، چونکە ئەوان باج نادەن و هەروەها ژمارەی ئەندامانی ئەرمەن کەمە لەم لیژنەیە. لەگەڵ ئەمەشدا لیژنەکەیتر هەڵسا بە دەستگیرکردن و نەفیکردنی ژمارەیەکی زۆری ئاغا و کەسایەتی کورد لەناوچەکەدا، ئەمەش هەمووی بەهۆی سکاڵای ئەرمەنەکانەوە بو.[٦٢] هەروەها ئەرمەنەکان ژمارەیەکی زۆر داواکاری گەورەیان پێشکەشکرد لە بەشی چاکسازی ئەرزەرۆمدا کە هەموی لەبەرژەوەندی خودی ئەرمەنەکان و لەدژی کوردەکان بوو. بەڵام ئەم داواکاریانەی ئەرمەن لەلایەن حکومەتی بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕەتکرایەوە، بەوەی ئەرمەنەکان لەو ناوچەیەدا کەمینەن و زۆرینەی ڕەها موسڵمانن بە کورد و تورکەوە، ئەوەش وادەکات ئەوانیش داوای مافی خۆیان بکەن.[٦٣] لەکاتێکدا بەتریکی ئەرمەنەکان داتا و زانیاری هەڵەی لەبارەی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکەی دابوو بە حکومەتی بەریتانیدا، بەڵام بەڵگەنامەکانی بەریتانی ئاماژەیەکیتریان دەدا، ئەویش دەریدەخست لە بەرزترین ڕێژی دانیشتوانی ئەرمەن لە ناوچەکاندا لە سەدا ١٧ تێنەدەپەڕێ، واتە بەگشتی لە هەندێ شوێن یەك لەسەر سێی دانیشتوانی ناوچەکە نەدەبوون و لەهەندێ شوێندا یەك لەسەر پێنجی دانیشتوانی ناوچەکە نەدەبوو، بەڵام بەتریك نەرسیس ڕایگەیاندبوو کە ڕێژەی ٤٢.٥٪ خەڵکی ناوچەکە ئەرمەنن بەوەی کە لەکۆی ١،٨٣١،٠٠٠ کەسدا، ئەوا ٧٧٦،٥٠٠ کەس ئەرمەنین.[٦٤] لەکاتێکدا سەرچاوەیتر ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ژمارەی موسڵمانەکان بەگشتی چوار هێندەی ژمارەی هەموو مەسیحیەیکانی ناوچەکەن بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.[٦٥] هەندێکیتر پێیان وایە کە لە کۆی ١،٢٣٣،٤٠٢ کەسدا تەنها ٥٦٦،٢٩٢ مەسیحی لەناوچەکەدا هەیە.[٦٦] هەر بەهۆی ئەم ڕاپۆرتانەوەیە لایارد دڵنیایی دەدات بە بەتریکی ئەرمەنەکان کاتێك داوای سەربەخۆیی ئەرمەنستان دەکات لە ناوچەکە و یاخود هیچ نەبێ ئۆتۆنۆمیان پێبدرێت، بەڵام لایارد دڵنیای دەکاتەوە کە پرۆژەی ئۆتۆنۆمیش لەناوچەکەدا سەرناگرێ، هەروەکو لەچاوپێکەوتنێکی نەرسیس لە ٣١-مایس-١٨٧٩ دا داوای دروستکردنی ئۆتۆنۆمی لە لایارد دەکات بۆ شەش شارەکەی باکوری کوردستان، بەڵام لایارد لەوەڵامدا پێی دەڵێت بەدڵنیاییەوە ئەمە سەرکەوتو نابێت، هەرچەندە حکومەتی بەریتانی هەموو هەوڵێك دەدات لەپێناوی بەرژەوەندی ئەرمەنەکان، بەڵام ئەم هەوڵە سەرناگرێت و زەرەری زیاتر بۆ ئەرمەنەکان لەناوچەکەدا دروست دەکات.[٦٧] دواتریش زیاتر لەوە دڵنیا دەبێتەوە کاتێك لایارد هەڵدەستی بەناردنی بیکر پاشا بۆ دیاربەکر وەکو سەپەرشتیارێکی نوێ بۆ چاودێری چاکسازی، لەکاتێکدا ژمارەی سکاڵایەکانی ئەرمەن ڕوو لەزیادبووندایە. لەگەڵ گەیشتنی بیکر پاشا بۆ دیاربەکر و دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوچەکە، ئەوا هەڵدەستێ بە ناردنی نامەیەك بۆ لایارد لەبەرواری ١-٢-١٨٨٠ وە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەرمەنەکانی ناوچەکە ڕێژەیان لە یەك لەسەر سێ بۆ یەك لەسەر پێنجی دانیشتوانی ناوچەکەیە و بەمەش سەربەخۆیی ئەرمەنەکان شتێکی مەحاڵ

دەبێت.[٦٨] لەهەمان کاتدا ڕوسیا لە هەموو هەوڵێکیدا بوو بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەواوەتی و گەیشتن بەئاوە گەرمەکان بەتایبەتی. بۆ ئەمەش پاڵپشتی ئەرمەنەکانی دەکرد بە بەردەوامی و هەوڵیدا ئەرمەنەکان بەلای خۆیدا ڕابکشێتەوە، هەڵبەت مەبەستیش لەم کارەیدا لەپێناوی ئەرمەنەکان نەبوو.[٦٩] هەروەها ئەرمەنەکانیش لەوە تێگەیشتبوون کە نە ڕوسیا و نە بەریتانیا نایانەوێ ئۆتۆنۆمی بدرێت بە ئەرمەنەکانی ناوچەکە.[٧٠] بەڵام لەساڵی ١٨٨٠-١٨٨٥ بارودۆخەکە گۆرانکاری بەسەرهات ئەویش بە هاتنە سەرحوکمی لیبرالییەکان لە بەریتانیا بەسەرکردایەتی ویلیەم گلادستۆن، کە هەمیشە لەکاتی هەڵبژاردن و لەدوای هەڵبژاردنیش دا پێداگری لەسەر مافی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات بەدرێژایی رێگای بازرگانی هیندستان بەگشتی و ئەرمەنەکان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەکردەوە.[٧١] ئەگەرچی پرۆسەی چاکسازی لەناوچەکە بەرەو کزی ڕۆیشت ئەویش بەهۆی ئەو ئاستەنگیانەی لە پێشیاندا هەیە، لەمکاتەدا دەبینین ئەرمەنکان مەیلیان زیاتر بەلای ڕوسیا دا دەچێت و هەر لەسەرەتای ساڵی ١٨٨٠ بەدواوە لەرێگەی قونسولی ڕوسیا لە شاری وان ئەرمەنەکان چەکدار دەگرێن بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە کێشە دروستکردن لەناوچەکەدا.[٧٢] بەهەمانشێوە لەناوچەکانی ئەرزەرۆمیشدا هەمان بارودۆخ دەبینین و هاوکاری بەردەوامی ڕوسیەیکان بۆ ئەرمەنەکان هەر بەردەوام دەبێت ئەویش بەپێدانی چەك و هاندانیان بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی ئەرمەنستان لەناوچەکەدا، ئەمەش ئینگلیزەکانی نیگەران کردبوو.[٧٣] ئەرمەنەکان بەڕادەیەك لەم ناوچەیەدا خۆیان بەخاوەنی خاك و شوێنەکە دەزانی، تەنانەت ئامادە نەبوون دان بنێن بەناوی کورد و کودستانیش، هەروەکو دەبینین کاتێك حکومەتی بەریتانیا قونسلخانەی لە ئەرزەرۆم بەناوی (قونسلیەی کوردستان[٧٤]) کردەوە، ئەرمەنەکان دژی ڕاوەستان و هەڵوێستی فەرمیان لەبارەوە نیشاندا و هێرشێکی توندیان کردە سەر سیاسەتی بەریتانیا لەناوچەکەدا.[٧٥] ئەرمەنەکان هەر بەمەش نەوەستان بەڵکو هەڵسان بەدروستکردنی چەندین حیزبی سیاسی وەکو ئەرمەنیکان[٧٦] و هانجاق[٧٧] و تاشناق[٧٨]، وە ئەنجامدانی چالاکی سیاسی و چەکداری لەناوچەکە و کوشتنی خەڵێکی زۆری کورد لەناوچەکەدا، تەنانەت زۆرجاران بەجل و بەرگی کوردییەوە ئەم کارانەیان دەکرد تاکو لەسەر کوردەکان ئەژمار بکرێت.[٧٩]

ئەوەی لێرەدا بەدیدەکرێت ئەرمەنەکان زیاتر لەقەبارەی خۆیان لە هەوڵی کردەوەی توندوتیژی و کوشتن و برینی خەڵکی ناوچەکە بوونە، ئەمەش لەپێناوی دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنستانی گەورە لەسەر بەشێکی خاکی کوردستان. بەڵام ئەم کردەوانەی ئەرمەنیش لەلایەن کورد وەکو میلەت و لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیش وەکو دەوڵەت کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە و وایکردوە بیر لەدانانی سنور بۆ ئەم کارانەی ئەرمەن بکەنەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## تەوەرەی چوارەم: کاردانەوەکانی کورد لەم قۆناغەدا

### یەکەم: لەسەر ئاستی رۆشنبیری (حاجی قادری کۆیی وەکو نمونە)

جگە لە ئاماژەی بەڵگەنامە عوسمانی و بەریتانیەیکان و لێکۆڵینەوە و کتێبە بەسودەکانی تایبەت بە کێشەی ئەرمەن، کە ئاماژە بە هەستیاری ئەم قۆناغە لەمێژووی کورد دا دەکەن، ئەوا بەهەمانشێوە هەستیاری ئەم قۆناغە لە شیعری شاعیران ڕەنگیداوەتەوە، هەروەکو حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٧) دەفەرموێ:

خـــاکی جزیـــر و بۆتـــان، یـــەعنی وڵاتـــی کـــوردان
سـەد حـەیف و سـەد مخـابن دەیکـەن بـە ئەرمەنسـتان
وا ڕێگـــەتان دەبەســـرێ عێلاتـــی جـــاف و بڵبـــاس
گەر مـردوون لـە گـەرمێن مەمنووعە بچنە کوێستان
کـامی کـچ و هــەتیوی شــیرین بــێ ڕایدەکێشــن
هـــاوار دەبـــەن ئەبـــەر کـــێ پەشـــمە دەخیـــل و ئامـــان
مەســـجید دەبێتـــە دێـــرە ناقووســـیان موئـــەززین
مـــەتران دەبێتـــە قـــازی، مـــوفتی دەبێتـــە ڕەهبـــان
هـــیچ غیرەتێـــك نـــەماوە ســـەد جـــار قەســـەم بـــە قورئـــان
پەیـــدا بـــێ ئەرمەنســـتان نـــامێنێ یـــەك لـــە کـــوردان
ســـەرتان لـــە قـــوڕ هـــەڵێنن، ئـــەحواڵمان ببیـــنن
چـــۆنین لـــە دەســـتی زوڵمـــی بێـــدینی دوور لـــە ئیمـــان

ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە کە فەرهاد پیربال، دەقێکی مەحەمەدی مەلاکەریمی هێناوە لەبارەی شیکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا دەڵێت: "لە زەمانی عوسمانییەکاندا نیشتمانی نەتەوەیی ئەرمەن دووپارچە بوون، پارچەکی لە ژێردەستی عوسمانیەکاندا بوون، ئەو پارچەکەشیان لە ژێردەستی ڕوسیای قەیسەریدا. پارچەکەی ژێردەستی عوسمانی لەپیسترین شێوەی ژیاندا دەژیا، وە ناڕەحەتترین چەشنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ئاینی بەسەرەوە بوو. پارچەکەیتریشی هەرچەند وا ژێردەست بوو، بەڵام حکومەتێکی ڕووکەشی هەبوو. کە داردەستی ڕوسیای قەیسەری بوو بۆ ڕاکێشانی دڵی ئەرمەنییەکانی عوسمانی. حکومەتی عوسمانیش لە زەمانی حاجیدا لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا بوو وە هێزی لەبەر ووڕابوو، چ دەوڵەتە ئیستعمارییەکانی ڕۆژئاوا و چ ڕوسیای قەیسەری هەریەکەو لەلایەکەوە قەپاڵیان گیرکردبوو لە لەشی (پیاوی نەخۆش)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

وەك ئەو ڕۆژە بەحكومەتی عوسمانیان دەوت. وە دەیانویست ڕۆژێ زووتر لەپێی بخەن و کەلەپورەکەی دابەش بکەن لەبەینی خۆیاندا. بەم پێیە زۆرانبازییەکی سەخت لەبەینی ئەو وڵاتە تەماعکارانەدا پەیدا بووبوو. بۆ ئەوەی هەر کامیان بەشێکی زۆرتری لە کەلەپوری عوسمانییەکان دەستبکەوێ و باشتر بەرهەڵستی سەرکەوتنی ئەویان بکا. لەسەر ئەم بنچینەیە هەردوو لای ئەم ئۆردوگایە هەوڵی ئەوەیان بوو چاکترین جێی خۆیان لەدڵی نەتەوەی ئەرمەندا بکەنەوە. کە لەخەباتێکی سەختی خوێنیندا بوو بۆ دەستخستنەوەی سەربەخۆیی وولاتەکەی، وە لەهەموو ئازادیخواهانی گێتییەوە پشتیوانیەیکی گەرمی لێ دەکرا، هەتا کار گەیشتە ڕادەیەك مەسەلەکەیان کەوتە ناو بەینی دەوڵەتان و ئەوەندەی نەمابوو مافی خۆیان وەربگرن. ئا لەم کاتەدا حاجی بێ ئەوەی لەناو کرۆکی ئەم خەباتی ئەرمەن بگات، وە لەبەر شوێن عاتیفەی ڕووت کەوتن، دێتە دەنگ بەرامبەر بە ئازادی ئەرمەن و سەربەخۆیی ئەرمەنستان، وە بانگ دەکا بۆ پووچکردنەوەی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی لەم بارەوە دەدرا، وە بەبێ ئەوە بەخۆی بزانێ دەبێ بە پارێزەری مەسڵەحەتی داگیرکەرە تورکەکان. وە ڕێگەی ئیشکردن بۆ کورد دادەنێ  تا ببن بە کۆسپ لەرێی مافە ڕاستەکانی ئەرمەندا و ئاخ هەڵدەکێشی بۆ ئەوە کە چۆن گەورە گەورانی کورد نەماون تا ڕاپەڕن بۆ بەرهەڵستی مەسەلەی ئەرمەن".(٨٠)

بەگشتی ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەی مامۆستا مەحەمەدی مەلا کەریم نین، وە بەهۆی ئەوەی دکتۆر فەرهادیش هەمان بۆچوونی بەیانکردوە، پێدەچێ هەمان ڕای مەحەمەدی مەلا کەریمی هەبێت. ئەگەر سەیری بەڵگەنامەکانی عوسمانی و بەریتانی وە ئەگەر سەیری شاکارەکەی دکتۆر هۆگر طاهر تۆفیق بکەین، دەتوانین بڵێین ئەم دەقەی مامۆستا مەحەمەد ناحەقییەکی زۆری بەرامبەر بە میلەتی کورد بەگشتی و حاجی قادری کۆیی بەتایبەتی تێدایە، چونکە ئەرمەنەکان داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی ئەرمەنستانیان لە سەر چ خاکێك دەکرد؟ بێگومان بەشێکی گەورەی ئەو خاکە، شەش شاری گەورەی کوردی بوو. جا نازانم بەرێزیان بۆچی ڕەوایەتی بە جوڵانەوەی ئەرمەن دەدات لەکاتێکدا پاداشتی چەندین ساڵەی پێکەوەژیانیان لەگەڵ کورد و لەژێر حوکمی سایەی میرە کوردەکانیان بە کوشتنی کورد و داگیرکردنی خاکەکەی و بەزۆر پێگۆڕینی ئاینەکەیان و دەستدرێژیکردنە سەر ماف و ناموسی کورد بەڕەوا بزانرێ! ئایا ئەمە داوا ڕەواکەی ئەرمەنە! هەرچەندە بەباشی دەزانم خوێنەر خۆی بڕیار بدات لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام ئێمە هیچ جیاوازییەك لەنێوان داگیرکاراندا نابینین، کە بیەوێ خاك و ئاین و ناموس و نەتەوەکەمان دەست بەسەر دابگرێ، جا ئەگەر ئەم هێزە ئیسلامی یان علمانی" عوسمانی بێ یان ئەرمەنی! بێت. هەربۆیە دەقی شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی (مامۆستای قوتابخانەی کوردایەتی) زۆر لەجێگای خۆی بووە، حاجی لەناوگەرمەی کێشەکاندا ژیاوە، بەتایبەتی

ئەوکاتە لە ئەستەنبۆڵ بووە و لەپایتەخدا ئاگاداری زۆرێك لەجوڵانەوەکانی ئەرمەن بووە. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی حاجی بەردەوام لەگەڵ گیروگرفت و دەردەسەرییەکانی میلەتەکەی خۆی ژیاوە و پەنجەی خستۆتە سەر برینەکانی میلەتمان و زۆرجاریش ڕێگەچارەی داناوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش کتێبەکەی دکتۆر هۆگر طاهر تۆفیق باشترین لێکۆڵینەوەیە بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە. زیاتر لەوەش مامۆستا سەلام ناوخۆش لە کتێبەکەیدا (کوشتاری ئەرمەن یان کوشتاری کورد؟) بە سود وەرگرتن لە کتێبی سیستەم لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵۆدا کە هی دکتۆر ئیسماعیل بێشکچییە، هەروەها ئەویش بەسود وەرگرتن لە کتێبی نوسەری تورك ئەرۆل ئۆلۆ: تورکیا لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کورد بەهیچ شێوەیەك ئەرمەنی نەچەوساندۆتەوە، بەڵکو ئەوە ئەرمەنە بەپاڵپشتی روسیا، کوردی لەخاکی خۆی کوشتوە. تەنانەت کوردەکان ئەرمەنەکانیان لەدوژمنەکانیان پاراستوە. هەروەها لەشوێنەکیتردا مامۆستا سەلام ئاماژەی بە ئامانجی ئەرمەنەکان لە کوردستان کردووە، کە نەك تەنها داگیر کردنی خاکی کوردان ڕانەوەستاون، بەڵکو هەوڵی گۆڕین و شێواندنی ناسنامە و دینی کوردانیش بوونە.[٨١]

## دووەم: لەسەر ئاستی سیاسی (جوڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری وەکو نمونە)

لەم بارودۆخەدا، کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەولوازبوون دەڕۆیشت و دەوڵەتانی زلهێزیش خەریکی پارچەپارچەکردنی ئەم دەوڵەتە بوون، هەروەها لەهەمان کاتدا ئەرمەنەکان خەریکی دروستکردنی دەوڵەتی ئەرمەنستان بوون لەسەر خاکی کوردستان، ئەوا دەبینین شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ جوڵانەوەیەکی ئەنجامدا بەمەبەستی سەربەخۆبوونی کوردستان و ڕزگارکردنی کوردستان لەدەستی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی. بەگشتی ئەم جوڵانەوەیە هیچ هەڵوێستێکی توندوتیژی بەرامبەر بە ئەرمەنەکان نیشان نەدا[٨٢]، بەڵکو شێخ ئەزیەتدانی ئەرمەنەکانی حەرامکرد و تەنانەت چەند جارێکیش هەوڵیدا بەتریکی ئەرمەنەکان ببینێ، بەڵام بەتریکی ئەرمەنەکان بەبیانوی جیاواز خۆی لەم دیدارە دور دەخستەوە[٨٣]، تەنانەت چەندین جار شێخ عوبەیدوڵا ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەو دژی دروستبونی دەوڵەتی ئەرمەنستانیش نییە لەناوچەکەدا، بەڵام بەو شەرتەی کە مافی کوردەکانیش بدرێت کاتێك کورد ویستی حکومەتێك بۆخۆی دروست بکات، وە بەڵێن دەدات ئەگەر حکومەتێکی کوردی دابمەزرێت ئەوا پەیوەندی باشی لەگەڵ مەسیحییەکان و لەگەڵ بەریتانیادا هەبێت و ڕێگەبدەن بە دروستکردنی کەنیسە و ئازادی بیروباوەڕیان.[٨٤] بەڵام ئەرمەنەکانیش بۆچونیان وابوو ئەم جوڵانەوەیەی شێخ عوبەیدوڵا بە پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانی و خودی سوڵتانی عوسمانی بووە[٨٥]، ئەمەش وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

ئەرمەنەکانی ناوچەکە، چونکە هەندێ لەسەرکردەکانی ناو ئەم جولانەوەیە پێشتر کاربەدەستی دەوڵەتی عوسمانی بوون، وەکو: بەحری بەگ کوڕی مێر بەدرخان.(٨٦)

## سێیەم: سوارەی حەمیدییە: هۆکاری دروستبوون و کارەکانی

زۆربوونی دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز لەناو کاروباری دەوڵەتی عوسمانی و بەردەوامی مەترسییەکانی دەوڵەتی ڕوسیا بۆ هێرشکردنە سەر سنوری دەوڵەتی عوسمانی و هاندانی ئەرمەنەکان و هاوکارکردنی هەمەلایەنەی ئەرمەنەکان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی و دواتریش بەکارهێنانیان بۆ دەستکاریکردنی بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی، وایکرد سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هێزێکی نیزامی و بەهێز لەناوچەکە لە هۆزە کوردییەکانی سەر سنورەکە دروست بکات، چونکە ئەرمەنەکانیش لەم شوێنانە زیاد لە پێویست لەدژی دەوڵەتی عوسمانی و خەڵکی باکوری کوردستان دەجولانەوە، تەنانەت ڕاپۆرتێکی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە کۆنگرەی بەرلینی ١٨٧٨ دا نوێنەری ئەرمەنەکان داوای لە وڵاتە زلهێزەکانی ناو کۆنگرەکە دەکرد کە ئەم کۆنگرەیە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەناوچە ئەرمەنییەکانی ژێردەسەڵاتی ڕوسیای قەیسەری ببەستنەوە.(٨٧) هەربۆیە زۆربەی ئەو هۆزە کوردیانەی بەشداری سوارەی حەمیدییەیان کرد لەسەرەتادا، ئەوا ئەو هۆزانە بوون کە بە بڕیاری وڵاتانی ڕۆژئاوا و چاکسازی ئەرمەنیش ڕازی نەبوون و سەرئەنجام ئەوانیش کوشتاری ئەرمەنیان لەچوارچێوەی سوارەی حەمیدییەدا دەستپێکرد.(٨٨) سەبارەت بە دامەزراندنیشی هەریەکە و بۆچوونێکی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە دەبینین ئەرمەنەکان پێیان وایە دامەزراندنی ئەم سوپایە بۆ دژایەتیکردنی ئەرمەنەکان و لەباربردنی پرۆژەی چاکسازی ئەرمەنییە، لە هەمانکاتدا سوڵتان عەبدولحەمید لە یادشتنامەکەی خۆیدا ئاماژە بە هۆکاری دروستکردنی سوارەی حەمیدیەی دەکات و پێی دەڵێت "... هەندێ پاشا ڕەخنەیان لە پێکهێنانی سوپای کوردەکان دەگرت، ڕەخنەکانیان لە ئیرەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە ئەم سوارانە سەر بە زەکی پاشای فەرماندەی پێشوی سوپای چواری ئەرزەڕۆم بوون. ئەگەر شەڕ لەگەڵ ڕوس قەوما، سوپای ڕاهێنراوی کوردەکان باش ڕاهێنراون، دەتوانن خزمەتی گەورە بکەن، پاشان ئەو گوێڕایەڵییەی ئەوان هەیانە سودی زۆری بۆیان دەبێ. هەرچی سەرکردەکانیشیانن، کە چلەی سەربازیمان پێ بەخشی بوون، دەبوونە جێگای فەخر و شانازییان، ئەوان هەوڵ بۆ حکومەت و دۆستایەتی دەدەن و ڕۆژێك دێ ئەو سوارەی حەمدییە نامێنێ و دەبێتە سوپایەکی گرنك. من ئەوە دەزانم لەسەر ئەوەی هەندێ لە ڕۆڵە کوردەکانم وەك فەرمانبەر لە پایتەخت قبوڵکردووە، توشی ڕەخنە هاتوم. خۆ بۆ ماوەی چەندینساڵ ئەرمەنەکان پۆستی وەزارییان هەبوو، ئاخر بۆ چ زەرەرمان پێدەگات، ئەگەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردەکان لەخۆمان نزیك بکەینەوە، خۆ ئەوان دین برامانن؟..."[٨٩] ئەمەش دەرخەرەی کە ئامانج لە دروستکردنی حەمیدیەی لەزاری سوڵتانەوە بۆ روبەڕووبونەوەی مەترسی ڕوسییەکان بووە. لەکاتێکدا ڕوسەکان پێیان وابوو ئەم سوارەیە بۆ کرینی کوردەکان و بەکارهێنان لەدژی ڕوسیا و ئەرمەنەکانی ناوچەکە دروستکراون. لەهەمان کاتیشدا بەریتانیەکان پێیان وابوو دروستکردنی ئەم سوارەیە بە ئامانجی دابەشکردنی کوردەکانە لەنێو خۆیاندا، وە بەپێی گێرانەوەی ئەرمەنکان بۆ بەریتانیا بێت، ئەوا ئامانج لێی دژایەتیکردنی ئەرمەن و دروستکرنی بەربەستە لەبەردەم جێبەجێکردنی خاڵەکانی مادەی ٦١ لە ڕێکەوتنامەی بەرلین.[٩٠] بەشێك لە توێژەرانی کوردیش کەوتونەتە ژێرکارگەری بۆچوونەکانی نوسەرانی ڕۆژئاوا یاخود کەوتونەتە ژێر کاریگەری هەندێ نوسین و دوکیۆمێنتی ئەرمەنەکان بەبێ بینینی بەڵگەنامە عوسمانییەکان، ئەوا هەبوونی سوارەی حەمیدییە بە هەڵە دەزانن و ڕۆڵی ئەوان بە ڕۆڵێکی خراپ لەمێژوودا ئەژمار دەکەن، بەتایبەتیش لە بابەتی کوشتاری ئەرمەنەکاندا، ئەمە لەکاتێکدا هەموو دوکیۆمێنتەکان ئاماژە بە زوڵم و ستەمی ئەرمەنەکان لەناوچە کوردنشینەکان و خیانەتی ئەرمەنەکان لە دەوڵەتی عوسمانی و لەکورد نیشان دەدەن. تەنانەت لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی عوسمانیدا لەبەرواری ١-٥-١٨٩٢ کە کۆپیەکی نامەی سەفیری بەریتانیا لە ئەستەنبۆل بۆ پەرلەمانتارانی پارتی لیبڕاڵ ناردوە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەبوونی چەکداری کورد و سوارەی حەمیدییە هیچ مەترسییەکی لەسەر ئەرمەنەکان دروست نەکردوە.[٩١] ئەمە سەرەڕای ئەوەی هیچ کاتێك دەستیان لەکوشتنی کوردان نەپاراستوە و ڕێکخراوی تایبەتیان هەبوو بۆ ئەنجامدانی کارە تیرۆرییەکانیان و هاوکاریی بەردەوامیان لە بەریتانیا و ڕوسیا وەرگرتوە بێگومان لەکاردانەوەی ئەمانەشدا هێزێکی کوردی بۆ بەرگریکردن و تۆڵەکردنەوەی خەڵك و عەشیرەتەکەی خۆی ئامادە دەبێت خوێنی ئەرمەنەکان برێژێ.[٩٢]

## چوارەم: کوشتاری ئەرمەنەکانی ساڵی ١٨٩٥

ڕێکخراوە ئەرمەنییەکان لە کوردستان وە بەتایبەتیش هەردوو حیزبی تاشناق و هانجاق بەردەوام بوون لە کاری توندوتیژی و کوشتن و بڕین لەناوچە کوردییەکان.[٩٣] بێگومان زۆرینەی موسڵمانی ناوچەکەش کوردەکان بوون، بەتایبەتتریش لەوکاتەی بۆیان دەرکەوت سوڵتان عەبدولحەمیدش ساردبۆتەوە لەچاکسازی ئەرمەنەکان و بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادات ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل دروست بکرێت.[٩٤]

هەر ئەمەش وایکرد ئەرمەنەکان چالاکییەکانیان زیاتر بکەن و کردەوە توندوتیژی زیاتر ئەنجامبدەن،[٩٥] بەتایبەتی کردەی توندوتیژی و کوشتنی خەڵك لەناوچە کوردنشینەکان زیاتر پەرەدەسەنێت، تەنانەت لە بەرواری ٣٠-٩-١٨٩٥ پارتی تاشناق هەڵدەستن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

به خۆپیشاندانێك له ئەستەنبۆڵ بەرەو کۆشکی سوڵتان دەڕۆن، بەڵام خۆپیشاندەران چەندین ئاژاوەگێڕی دەکەن و بەچەقۆ و چەکی بچووك و لەڕێگادا ئاژاوەی زۆر دەنێنەوە.(٩٦) هەروەها له مانگی ١٠ ی هەمان ساڵدا هەوڵدەدەن والی پێشوی ویلایەتی وان (بەحری بەگ) تیرۆربکەن له ترابزۆن.(٩٧) لەوەش زیاتر نووسەری جولەکە (یایر ئارۆن) ئاماژە بەوەدەکات، کە ئەرمەنەکان بە پشتگیری دەوڵەتی ڕوسیا، له بەرواری ٢٦-ئاب-١٨٩٦ هەڵساون بە ئەنجامدانی سێ کردەوەی توندوتیژی بەدەوڵەتی عوسمانلی، ئەوانیش بریتین لە؛ یەکەم: هێرشکردنە سەر بانکی عوسمانلی له ئەستەنبۆڵ. دووەم: تەقاندنەوەی باڵەخانەی (باب العالی) سەرۆکایەتی وەزیران وە تەنانەت مەترسی زۆریش لەسەر ژیانی سەرۆك وەزیران دروستبوو. سێیەم: گروپێکیتر هەڵسان بە هەڵدانی بۆمب بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، کە لەکاتی چوونی بۆ نوێژی هەینیدابوو، کە تیایدا ٢٠ دانە پۆلیس لەپاسەوانەکانی سولتان کوژران.(٩٨) ئەمە و چەندین کاردانەوەیتری لەم جۆرانە لەلایەن پارتە ئەرمەنییەکانەوە دەبینرێ، هەربۆیە سوڵتانیش بڕیاری پاکتاوکردنی ئەرمەنەکان دەکات و لەماوەی ساڵانی ١٨٩٤-١٨٩٦ ژمارەیەکی زۆری ئەرمەن لەسەرجەم سنوری دەوڵەتی عوسمانی دەکوژێت، هەرچەندە ژمارەی تەواوی کوژراوانی ئەرمەن بەتەواوی نازانرێت، بەڵام هەندێ سەرچاوە پێیان وایە لەنێوان پەنجا هەزار بۆ سێ سەد هەزار کەس دەبێت و هەندێکیترپێیان وایە لەنێوانی سێ سەد هەزار بۆ چوارسەد هەزار کەس دەبێت.(٩٩) بەگشتی لەم کاتەدا بەریتانیا و فەرەنسا کاردانەوەیان دەبێت بۆ ڕاگرتنی کوشتاری ئەرمەن لەناوچەکەدا، لەهەمان کاتیشدا لەڕێگای لۆبی ئەرمەنی له لەندەنەوە، وە بەهاوکاری سەفارەتی بەریتانی و فەرەنسی، دەبینین هاوکاری ئەرمەنەکان دەکرێت تەنانەت بە پێدانی پارە و چەك" هەروەکو له نامەیەکی نهێنیدا دەبینین"له وەڵامی نامەی یەکێك له کۆمیتەکانی ئەرمەنی له لەندەن، لەبەرواری ٦-١-١٨٩٦ بەژمارە ٣/١٧١٨٨ کە کۆپییەکی بەدەست باب العالی گەیشتوە و ئەوانیش وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتەکەیان لێ ئاگادار کردۆتەوە، کە تیایدا ئاماژە بە کۆکردنەوەی پارە دەکات بۆ دابینکردنی چەك بۆ شەڕوانانی ئەرمەن لەناو دەوڵەتی عوسمانی. ئەمە لەکاتێکدا سەفیری بەریتانیاش ئاگاداری ئەم هەوڵەی ئەرمەنەکانە.(١٠٠)

لێرەدا دەردەکەوێت سوڵتانیش لەپێناو پاراستنی دەوڵەتەکەی و ئاسایشی دەوڵەتەکەی، هەوڵیداوە ڕووبەڕووی ئەرمەنەکانی ناو دەوڵەتەکەی ببێتەوە و هەر ئەم کاردانەوەیە توندەی سوڵتانیش وایکردووە ژمارەیەکی زۆری ئەرمەن لەناو ببردرێن. لەهەمان کاتیش دا بەریتانیا هەوڵی پاراستنی ئەرمەنەکانی ناوچەکەی داوە وجۆرەها هاوکاری پێشکەش کردوە و تەنانەت ڕێگەی پێداون هاوکاری بکرێن بە چەك و پارەش.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## دەرئەنجام:

### لەم لێكۆڵینەویەدا گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێك:

١. ئەرمەنەكان بەبێ گوێدان بە ژمارەی كوردەكان و ئاین و ویستی كوردەكان، هەوڵیانداوە بەپاڵپشتی دەوڵەتە زلهێزەكان، ئەرمەنستانی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بكەن، لەكاتێكدا ئەم نەخشەیەی ئەوان شەش شاری گەورەی باكوری كوردستانی دەگرتەوە و زۆربەی باكوری كوردستان دەكەوتە ژێر دەسەڵاتیان.

٢. ئەرمەنەكان هەوڵیانداوە سوود لە لایەنی ئاینیان وەربگرن، بەوەی كە ئەوان مەسیحین. هەربۆیەش دەبینین هەمیشە خۆیان بەنوێنەری مەسیحییەكانی ناوچەكە زانیوە.

٣. ئەرمەنەكان هەمیشە لەهەوڵی بەكارهێنان و بەدەستهێنانی یارمەتی بوون لە ڕوسیا و لە بەریتانیا، تەنانەت ئەگەر لەوانیش بێ ئومێد بوبن، ئەوا هەوڵی بەدەستهێنانی سۆزی وڵاتانی ئەوروپیان داوە لەرێگەی ڕۆژنامەكان و چالاكییەكانیان لە ئەوروپادا.

٤. ئەرمەنەكان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان، سڵیان لەهیچ هۆكارێك نەكردۆتەوە و تەنانەت زۆر بە ئاسانی كوشتن و بڕین و توندو تیژییان ئەنجامداوە، ئەوەش بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سەرەكیان.

٥. ئەرمەنەكان لەهەموو ئەو ناوچانەی تیایدا ژیاون كەمینە بوون، بەڵام لە ژێرسایەی چاودێری بەریتانیا و هاوكاری ڕوسیا، هەوڵیانداوە وەكو زۆرینەی ڕەها و وەكو دەسەڵاتداری ناوچەكە بەدیاربكەون.

## پەراوێز:

---

(1) Engin Öztürk, “Bizans İmparatorluğu Devrinde Anadolu’da Ermeniler (330 – 641)”, (Yüksek Lisans Tezi: İzmir Kâtip Çelebi Üniversitesi, 2017), 2.

(٢) نقية حنا منصور، *الارمن والدولة العثمانية*، (بيروت: دار النهضة العربيه، ٢٠١٦)، ١٣.

(٣) یایر ئاورۆن، *جینۆساید "كۆمەڵكوژی ئەرمەنەكان: لەیادكراو و نكۆڵیكراو"*، وەرگێرانی: مەهاباد قەرەداغی، (لە چاپكراوەكانی سەنتەری جینۆساید لە زانكۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی، ٢٠١٨)، ص٢٥-٣٢.

(٤) ئەگەر سەیری ئەم نەخشە جوگرافییە بكەین، ئەوا بەشێكی زۆری خاكی كوردستانیش بە سنوری ئەرمەنستان هەژمار كراوە، لەكاتێكدا بەشێكی زۆری ئەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ناوچانە کورد نشینن و کورد زۆرینەیە و ئەرمەنەکان کەمینەن، ئەمە سەرەرای چەندەها دانپێدانانی گەریدە و نوسەرانی بیانی کە دان بە کوری بوون و کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە دادەنێن، کە ئەولیا چەلەبیش یەکێکە لەو جۆرە نمونانە. بڕوانە:

Evliya Çelebi, *Evliya Çelebi Seyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin*, C 1, (haz.) Yücel Dağlı, Seyit Ali Kahraman, (İstanbul: YKY, 2000), 94.

(5) Engin Öztürk, 3.

(٦) مامەند ڕۆژە، *ئەرمەنۆسایدـ"سەدەیەك لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن"*، (سلێمانی: چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨)، ص٣٢.

(7) Sinan Marufoğlu, *Osmanlı döneminde Kuzay Irak 1831-1914*, (İstanbul: EREN yayıncılık ,1998), 33.

(٨) مەلا ئیدریسی بەدلیسی: یەکێك بوو لەو زانا ئاینییە کوردانەی کە ڕۆڵی هەبوو لە ڕێخستنی میرنشینە کوردییەکان و یەکخستنیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: حەسەن مەحمود حەمەکەریم، مەلا ئیدریسی بەدلیسی ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا، (سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨).

(9) Mehmet Ali Ünal, *Osmanlı Müesseseleri tarihi*, (Isparta: Fakülte Kitabevi Yayınları, 2012), 74-81; İlber Ortaylı, *Türkiye Teşkilat ve İdare tarihi*, (Ankara: Cedid Neşiryet, 2008), **98-103.**

(١٠) هوگر طاهر توفیق، *الکرد والمسألة الارمنیة ١٨٧٧-١٩٢٠*، (أربیل: مطبعة اراس، ٢٠١٢)، ص٢٤.

(11) BOA, Bab-i Asafi Ruus Kalemi, Defter no.1452, s.331-334.

(١٢) هوگر طاهر توفیق، ص٣٩.

(١٣) ئەولیا چەلەبی: ئەم گەریدە عوسمانییەو ئەولیا کوری دەروێش موحەممەد زللی، بە ئەسڵ خەڵکی شاری کوتاهیەیە، لە ١٠ ی موحەرەمی ساڵی ١٠٢٠ك / ١٦١١ز لە خانوە وەقفەکانی (ساغجلەر) لە ئون قابی لە ئەستەنبوڵ لە دایکبوە. لەبارەی لەدایکبونییەوە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی (سیاحەتنامە) دا هەمان ئاماژە بە بەرواری لەدایکبونی خۆی دەکات و دەڵێت: (لە مزگەوتی (یەنی جامع) هاتۆتە دونیاوە). ئەولیا لە ژیانی خۆیدا هیچ ژنی نەهێناوە، هەرچەندە بۆ ئەمە لەوانەیە بەردەوامی گەڕان و سەفەرکردنی هۆکارێک بێت بۆ هاوسەرگیری نەکردنی، بەلام سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەولیا دەکەوێتە داوی عەشقی کچێکی (ترابزۆن)ی و دوای ئەوەی ئەولیا تووشی هەندێک کێشە دەبێت لەو ناوچەیە، ئەوا ئەم کچەی نادەنێ و ئەویش دواتر ئەم شارە جێدەهێڵێت. سەبارەت بە کات و شوێنی لەدایکبونی لەنێوان نوسەراندا ڕای جیاواز هەیە، هەندێکیان دەڵێن: " ئەولیا لەتەمەنی ٧١ ساڵی و لەساڵی ١٦٨٢ لە ئەستانبوڵ کۆچی دوایی کردوە، هەندێکی تر دەڵێن لەو کاتەی لە میسر دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٦٨٢ کۆچی دوایی کردووە"، هەندێکی تر دەڵێن: " لە ساڵی ١٦٨٤ کۆچی دوایی کردووە و بەشداری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەو گەمارۆیەی دەوڵەتی عوسمانی کردوە کە بۆ سەر شاری ڤیەنناى پیاتەختی نەمسا ئەنجامدراوە". سەبارەت بە شەجەری بنەماڵەکەشی خۆی گەڕێنێتەوە بۆ نەوەی پێغەمبەر (ص)، هەروەها خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ نەوەی (ئەحمەد یەسەوی)، هەروەکو لە بەرگی شەشەمی کتێبەکەیدا زنجیرەیەك لەناوی باوك و باپیرانی دەژمێرێت و دەڵێت: (( دەروێش زللی کوری قەرە ئەحمەد کوڕی دەمیرجی زادە قەرە مستەفا کوڕی یاوز کوڕی ئەجە یەعقوب کوری ئەلهومردی ئاکای کوڕی محمد کریمانی کوڕی مامۆستا ئەحمەد یەسەوی کوڕی محمد حەنەفی تا ئیمام زەین العابدین کوڕی ئیمام حوسەین کوڕی ئیمام عەلی و فاتیمەی زەهرا کچی پێغەمبەر (ص)) ). ئەولیا، لەباوکیەوە دەروێش محمد زللی سەرۆکی زێڕنگرانی سەرای عوسمانی و دایکیشی ناوی ئەبازەیە کە کەسوکاری ئەویش لەناو سەرای عوسمانی و دەوڵەتدا کاربەدەست بوون.

Martin van Bruinessen، Hendrik Boschten ، *EVLİYA ÇELEBİ IN DIYARBEKIR*، Volume I، Brill، 1988، p.7؛ Muzaffer ÖZBAY، Evliya Çelebi'nin Seyahetnamesinde Anadolu Coğrafyasındaki Gayri Müslim Mabetleri، *SAKARYA ÜNİVERSİTESİ - SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ*، Mayıs 2010، s.20؛ Mehmet AKBAŞ، Evliya Çelebi'nin Gözüyle Kürtler ve Kürdistan، *Artuklu Akademi | Journal of Artuklu Academia* 2015/2(1)، s.4 ؛ Ülkü ELİK ŞAVK، SORULARLA insanlık tarihine yön veren 20 kisiden biri، *HACETTEPE ÜNİVERSİTESİ*، *TÜRKİYAT ARAŞTIRMALARI ENİSTÜTÜSÜ*، Ankara، 2011، s.15.

(١٤) بڕوانە: Evliya Çelebi, *Evliya Çelebi Seyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin*, C 1, (haz.) Yücel Dağlı, Seyit Ali Kahraman, (İstanbul: YKY, 2000).

(١٥) هوگر طاهر توفیق، ٤٠.

(16) Evliya Çelebi, IV, s.315.

(١٧) فەرهاد پیرباڵ، "ئەرمەن و کورد"، *گۆڤاری واتە: ژمارە* ١١،(٢٠١١)، ص ١٧٠.

(١٨) هوگر طاهر توفیق، ص٥٨.

(١٩) جلیلی جلیل، تاریخ الامارات الکردیة فی الامبراطوریة العثمانیة" ترجمة. محمد عبدو النجاری،بیروت: الاهالی، ص١٢١.

(٢٠) هوگر طاهر توفیق، ص ٥٦.

(٢١) هوگر طاهر توفیق، ص ٥٤.

(٢٢) ئەوەی جێگای سەرنجە، پێدەچی ئەم وەرگێرانەش بە ئامانجی تەبشیری بوبێت، نەوەك تەنها رەنگدانەوەی دۆستایەتی کورد و ئەرمەن بێت، چونکە تەنها ئینجیلێك چپکراوە، لەکاتێدا چەندها کتێبی جیاواز لەلایەن زانایان و رۆشنبیرانی کورد نوسران لەو سەردەمە و ئەوانیش ئاوریان لێ نەداوەتەوە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە دکتۆر فەرهاد پیرباڵ ئەمەی بە نیشانەی گەرمی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەژمار کردووە، نەوەك بلاوکردنەوەی مەسیحییەت لەلایەن ئەرمەنەکانەوە لە کوردستان. توێژەر.

(٢٣) فەرهاد پیربالَ، ص١٧٠-١٧١.

(٢٤) هوگر طاهر توفیق، ص٥٩.

(٢٥) هوگر طاهر توفیق، ص٦٢-٦٣.

(26) Tolga Başak, *İngilterenin Ermeni Politikası (1830-1923)*, (Istanbul: Kilim Press, 2008), 27-31.

(27) Tolga Başak, 45.

(28) BOA. HR.SYS,1774/21.

(29) BAO. I. HR, 604

(30) Mmim Kemâl Öke, *the Armenian Question 1914-192*, (Britain: Oxford University Press, 1988), 77-78.

(٣١) بڕوانە: بەڵگەی ژمارە ١١٦ لە بەڵگەنامە بەریتانییەکان لە کتێبی Bilal Şimşir, (British Documents on Ottoman Armenians - Volume I (1856-1880) کە ئاماژە بە هاوکاری ئەرمەنەکان بۆ ڕوسەکان دەکات، لەوەش زیاتر، بیلال شیمشیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە ڕێکەوتنی سان ستیفانۆدا کاتێك مادەیەکی تایبەت دانرا بە پاراستنی ئەرمەنەکانی ڕۆژهەلاَتی ئەنادۆلۆ، ئەوا هۆکاری ئەم یارمەتییەی ئەوان بۆ ڕوسەکان بوو. بڕوانە:

Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I (1856-1880), (Ankara: Türk Tarihi Kurumu, 1989), 257-261.

(٣٢) هوگر طاهر توفیق، ص٨٣-٨٧.

(٣٣) ئەگەر سەیری بەڵگەنامەکانی پەیوەندی نێوان ڕوسیا و ئەرمەنەکان بکەین، دەبینین هەر لەزووەوە ئەرمەنەکان پەیوەندییان لەگەڵ ڕوسەکان هەبوە و تەنانەت لەشەڕی ساڵی ١٨٢٨ نێوان ڕوسیا و ئێران، ئەوا ئەرمەنەکان لایەنگیری ڕوسەکانیان کردوە، تەنانەت ئەرمەنەکان لەلایەن ڕوسەکانەوە هاندەدارن بۆ هەڵگەڕانەوە لەدژی دەوڵەتی عوسمانی و سەربەخۆ بوونیان. هەڵبەت ڕوسەکانیش لەمەدا مەبەستیان بوو ئەرمەنەکان بەکاربهێنن بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانی و چاوساغیکردنیان بۆ گەیشتنیان بە ئامانجە ستراتیژییەکانیان. بڕوانە:

Mehmet Perinçek, *Rus Devletin Arşivinden 150 Belgede Ermeni Meselesi* (İstanbul: Kırmız Kredi yayın evi Press, 2012); Georges De Maleville, *1915 Osmanlı–Rus Ermeni Trajidesi*, (Istanbul: Can Press, 2005), 40-41.

(34) BOA, Y. A. HUS, 164/83.

(٣٥) هوگر طاهر توفیق، ص٩٠-١٠٠.

(36) Tolga Başak, 51-52.

(37) David Eral Nunn, Great Britain and the Armenian Crisis 1912-1914, (PhD Dissertation: University of Gorgia, 1978), 9.

(38) Tolga Başak, 53.

(39) Tolga Başak, 56.

(٤٠) هوگر طاهر توفیق، ص١٠٢.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٤١) بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە بڕوانە: Tolga Başak,87; عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: کامەران بابان زادە، بەرگی یەکەم، (سلێمانی: چاپخانەی ڕێ نوێ، ٢٠١٠)، ١٧٥-١٧٦; زیاتر لەوەش بڕوانە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەژمارەی ئەرمەنەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و ناوچە کورد نشینەکان بەتایبەتی:
Türk Tarih Kurumu Başkanlığı, Osmanlı Devleti'nde Ermeni Nüfusu.

(٤٢) هوگر طاهر توفیق، ١٠٣-١٠٧.

(43) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I, belge no: 65, 161-162.

(44) BOA, HR. SYS, 2822/25.

(45) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I, belge no: 66, 162-163.

(46) Tolga Başak, 69.

(47) Tolga Başak, 71-70.

(48) BOA, Y. PRK. TSF, 1/46 ; Tolga Başak, 68.

(49) Tolga Başak, 72.

(50) BOA, Y. PRK. HR, 3/79

(51) BOA, Y. A. HUS, 174/4

(٥٢) هوگر طاهر توفیق، ص١١٠.

(٥٣) هوگر طاهر توفیق، ص١١٢-١١٣.

(54) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians-Volume I, belge No: 81, 190-195.

(55) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I, belge No: 90, 207-208.

٥٦ هوگر طاهر توفیق، ص١١٤-١١٥.

(٥٧) هوگر طاهر توفیق، ص١١٥.

(58) Tolga Başak, 80.

(59) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I, belge No: 120, 267.

(60) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I, belge No: 209, 445-447.

(٦١) هوگر طاهر توفیق، ص١١٦.

(٦٢) هوگر طاهر توفیق، ص١١٧-١١٨.

(٦٣) هوگر طاهر توفیق، ص١٢٠-١٢١.

(64) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume II (1856-1880), belge No: 21/3, (Ankara: Türk Tarihi Kurumu, 1989), 83.

(65) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume II, XII.

(66) Tolga Başak, 89.

(67) Tolga Başak, 81.

(٦٨) هوگر طاهر توفیق، ص١٢٥-١٢٦.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(69) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I, belge No: 354, 721-730.

(70) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I, XXX.

(71) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume II, belge No: I, 3-4.

(72) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume II, belge No: 41, 151-152.

(73) Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume II, belge No: 42, 152-155.

(٧٤) قونسلخانەی کوردستان: ئەم قونسلخانەیە لەساڵی ١٨٧٨ لە ئەرزەڕۆم دامەزرێنرا بەمەبەستی چاودێریکردن و کەمکردنەوەی کێشەی ئەرمەنەکان لە ناوچەکەدا. هێنری تروتر یەکەمین قونسولی بەریتانی بوو لە قونسلیەی کوردستان، ئەم قونسلخانەیە دوو ئۆفیسی هەبوو، هاوینان لە ئەرزەڕۆم و زستانانیش لە دیاربەکر بوو. بەپێی هەکەلی دەسەلاتەکان قونسول دەب ێپەیوەندی بەسەروی خۆی واتە سەفیرەوە بکات، بەڵام ئەم قونسولخانەیە دەسەڵاتی پێدرابوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیری دەرەوەی بەریتانیاوە بکات لە هەر حالەتێکدا. هەڵەبەر گۆڕینی ناوی ئەم قونسلخانەیەشدا لەبەرواری ١٥-٧-١٨٧٩ قونسولی کوردستان تروتر هەڵسا بەناردنی نامەیەك بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سالسبێری، وە پێشنیاری گۆڕانکاری ناوەکەی دەکات بەوەی ببێتە (قونسلخانەی ئەرمینیای تورکیا و کوردستان) کە پێی وابوو بەم ناوی دەتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن. بەڵام هەمان ئەو بۆچونە دەبنین لایارد (سەفیری بەریتانیا) ڕەفزیکردەوە. بۆ ئەمەش لایارد نامەیەك بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەنێرێت و دەڵێت "گۆڕینی ناوی قونسلییەکە دەبێتە نیشاندانی شکستی بەریتانییەکان مبرامبەر بە ئەرمەن، وە دەبێتە هۆی گۆمان دروستکردن لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و بەو گۆڕانکارییە ڕازی نابن، چونکە ئەگەر بێت ناوی قونسلییەکە لە کوردستانەوە بکرێتە ئەرمینیا، ئەوا دەوڵەتی عوسمانی وا هەست دەکات پیلانێك لەدژی ئەوان لەناوچەکەدا لەئارادایە، وە بێگومان ناوی کوردستان گوزارشتە لەخەڵکی ناوچەکە و دانیشتوانەکەی". بەمەش ئەم قونسلخانەیە بەناوی قونسلیەی کوردستان دەمێنێتەوە. هوگر طاهر توفیق، ص١٣٥-١٤٠.

(٧٥) هوگر طاهر توفیق، ص١٣٧-١٣٨.

(٧٦) ئەرمەنیکان: ئەم حیزبە لە ساڵی ١٨٨٥ لە شاری وان لەسەردەستی مجردیتش بورتقالیان دروستبوو، ئەم حیزبە هەر لەسەرەتاوە کاری لەسەر کوشتن و توندوتیژی دەکرد. ئەمەشە بەمەبەستی سەربەخۆبوونی ئەرمەنەکان لە ژێردەستی عوسمانیەکان. بڕوانە:

Vehbiye Eviz, “II. Abdülhamit Han Döneminde Ermeni Meselesi Üzerinde Osmanlı-İngiliz Siyasi Mücadelesi”, (Yüksek Lisans Tezi: Kahramanmaraş Sütçü İmam Üniversitesi, 2014), 47.

(٧٧) هانجاق: ئەم حیزبە لەساڵی ١٨٧٧ لە شاری جنێف لەسەردەستی قوتابیەیك بەناوی ئەفدیتس نزار بەگ (نزابەگیان) دروستبوو. ئەم حیزبە مارکسی بوو، وە لەسەرەتاوە



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەڵسان بە وەرگێرانی بیروباوەڕی شیوعییەت بۆ سەر زمانی ئەرمەنی. ئەم حیزبە ڕۆژنامەیەکی شۆڕشگێڕی دەردەکرد بەمەبەستی هاندانی ئەرمەنەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی. بڕوانە:

Orhan Doğan, *Ermeni Komiteleri Hınçak Ve Taşnaksütun - Rus Adalet Bakanı Y. Muravyev'in Ermeni Komitelerine İlişkin Raporu*, 311.

(٧٨) تاشناق: ئەم حیزبەش ساڵی ١٨٩٠ لەلایەن درێژەپێدەرانی کۆمەڵەی گەنجانی ئەرمینیاوە دروستبوو. بارەگای سەرەکی ئەم حیزبە لە ناوچەکانی قەوقاز بوو، وە یەکەم کۆنگرەی خۆیان لە شاری تەفلیس لە ساڵی ١٨٩٢ ئەنجامدا. هەروەها ئەم حیزبە خاوەنی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆی بوو لەژێرناوی (تروشاك – ئاڵا) کە زمانحاڵی حیزبەکەیان بوو. بڕوانە: Orhan Doğan,315

(٧٩) هوگر طاهر توفیق، ص١٥٦-١٦٦.

(٨٠) فەرهاد پیربال، ص١٧٩.

(٨١) سەلام ناوخۆش، کوشتاری ئەرمەن یان کوشتاری کورد، ٢٠١٣، ص٧٧-٧٩.

(٨٢) مامەند ڕۆژە، ص١٣٧.

(٨٣) هوگر طاهر توفیق، ص١٥٠.

(٨٤) عوسمان عەلی، بەرگی یەکەم، صل١١٥.

(٨٥) عوسمان عەلی، بەرگی یەکەم، ص١٢٠-١٢١.

(٨٦) هوگر طاهر توفیق، ص١٤٨،١٥٢.

(٨٧) عوسمان عەلی، بەرگی یەکەم، ص١٦٢.

(٨٨) سەلام ناوخۆس، ص٨١.

(٨٩) سەلام ناوخۆس، ص٨٣.

(٩٠) هوگر طاهر توفیق، ص١٨٧.

(91) BOA, Y. A. HUS, 259/17.

(٩٢) بۆ زانیاری زیاتریش لەسەر ئەم بابەتە بروانە: عوسمان عەلی، بەرگی یەکەم، ص١٥٥-١٧٥.

(93) BOA, A. MKT. MHM, 695/11.

(٩٤) هوگر طاهر توفیق، ص٢٥١-٢٥٢.

(95) BOA, Y. PRK. ESA, 24/12.

(٩٦) هوگر طاهر توفیق، ص٢٥٢-٢٥٣.

(٩٧) هوگر طاهر توفیق، ص٢٥٤.

(٩٨) یایر ئارۆن، جینۆساید (کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان: لەیادنەکراو و نکۆڵیکراو)، وەرگێڕانی: مەهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری جینۆساید لە زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی، ٢٠١٨، ص٣٩.

(٩٩) هوگر طاهر توفیق، ص٢٥٦.

(100) BOA, HR. SYS, 2757/43.

## لیستی سەرچاوەکان:

### دەستنووس:

Evliya Çelebi, *Evliya Çelebi Seyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin*, C 1, (haz.) Yücel Dağlı, Seyit Ali Kahraman, (İstanbul: YKY, 2000), 94.

### بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:

### بەڵگەنامە بەریتانییەکان:

Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume I (1856-1880), (Ankara: Türk Tarihi Kurumu, 1989).

Bilal Şimşir, British Documents on Ottoman Armenians - Volume II (1856-1880), (Ankara: Türk Tarihi Kurumu, 1989).

### بەڵگەنامە عوسمانییەکان:

BAO. I. HR, 604

BOA, A. MKT. MHM, 695/11.

BOA, Bab-i Asafi Ruus Kalemi, Defter no.1452, s.331-334.

BOA, HR. SYS, 2757/43.

BOA, HR. SYS, 2822/25.

BOA, Y. A. HUS, 164/83.

BOA, Y. A. HUS, 174/4

BOA, Y. A. HUS, 259/17.

BOA, Y. PRK. ESA, 24/12.

BOA, Y. PRK. HR, 3/79

BOA, Y. PRK. TSF, 1/46

BOA. HR.SYS,1774/21.

### بەڵگەنامە ڕوسییەکان:

Mehmet Perinçek, *Rus Devletin Arşivinden 150 Belgede Ermeni Meselesi* (İstanbul: Kırmız Kredi yayın evi Press, 2012); Georges De Maleville, *1915 Osmanlı–Rus Ermeni Trajidesi*, (Istanbul: Can Press, 2005).

# کتێبەکان

## ١- کوردی


سەلام ناوخۆش، کوشتاری ئەرمەن یان کوشتاری کورد، ٢٠١٣، ٧٧-٧٩.

عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: کامەران بابان زادە، بەرگی یەکەم، (سلێمانی: چاپخانەی ڕێ نوێ، ٢٠١٠).

مامەند ڕۆژە، *ئەرمەنۆساید"سەدەیەک لە پەیوەندییەکانی کورد و ئەرمەن"*، (سلێمانی: چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٨).

یایر ئارۆن، جینۆساید (کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان: لەیادنەکراو و نکۆڵیکراو)، وەرگێڕانی: مەهاباد قەراداغی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری جینۆساید لە زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی، ٢٠١٨.

حەسەن مەحمود حەمەکەریم، مەلا ئیدریسی بەدلیسی ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا، (سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨).


## ٢- عەرەبی


جليلى جليل، *تاريخ الامارات الكردية فى الامبراطورية العثمانية*، ترجمة. محمد عبدو النجارى، بيروت: الاهالى.

نقية حنا منصور، *الارمن والدولة العثمانية*، (بيروت: دار النهضة العربيه، ٢٠١٦).

هوگر طاهر توفيق، *الكرد والمسألة الارمنية ١٨٧٧-١٩٢٠*، (أربيل: مطبعة اراس، ٢٠١٢).


## ٣- تورکی


İlber Ortaylı, *Türkiye Teşkilat ve İdare tarihi*, (Ankara: Cedid Neşiryet, 2008).

Martin van Bruinessen، Hendrik Boschten ، *EVLİYA ÇELEBİ IN DIYARBEKIR*، Volume I، Brill، 1988.

Mehmet Ali Ünal, *Osmanlı Müesseseleri tarihi*, (Isparta: Fakülte Kitabevi Yayınları, 2012).

Sinan Marufoğlu, *Osmanlı döneminde Kuzay Irak 1831-1914*, (İstanbul: EREN yayıncılık ,1998).

Tolga Başak, *İngilterenin Ermeni Politikası (1830-1923)*, (Istanbul: Kilim Press, 2008).

## ٤- ئینگلیزی

Akaby Nassibian, *Britain and the Armenian Question 1915 – 1923*, second edition, (Australia: 2010).

Mmim Kemâl Öke, *the Armenian Question 1914-192*, (Britain: Oxford University Press, 1988).

## نامە زانستییە ئەكادیمییەكان

David Eral Nunn, Great Britain and the Armenian Crisis 1912-1914, (PhD Dissertation: University of Gorgia, 1978).

Engin Öztürk, "Bizans İmparatorluğu Devrinde Anadolu'da Ermeniler (330 – 641)", (Yüksek Lisans Tezi: İzmir Kâtip Çelebi Üniversitesi, 2017).

Vehbiye Eviz, "II. Abdülhamit Han Döneminde Ermeni Meselesi Üzerinde Osmanlı-İngiliz Siyasi Mücadelesi", (Yüksek Lisans Tezi: Kahramanmaraş Sütçü İmam Üniversitesi, 2014).

## توێژینەوە زانستییەكان

### كوردی:

فەرهاد پیربال، "ئەرمەن و كورد"، *گۆڤاری واتە: ژمارە* ١١،(٢٠١١)، ١٥٦.

### توركی:

Mehmet AKBAŞ، Evliya Çelebi'nin Gözüyle Kürtler ve Kürdistan، *Artuklu Akademi | Journal of Artuklu Academia* 2015/2(1).

Muzaffer ÖZBAY، Evliya Çelebi'nin Seyahetnamesinde Anadolu Coğrafyasındaki Gayri Müslim Mabetleri، *SAKARYA ÜNİVERSİTESİ - SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ*، Mayıs 2010.

Orhan Doğan, *Ermeni Komiteleri Hınçak Ve Taşnaksütun - Rus Adalet Bakanı Y. Muravyev'in Ermeni Komitelerine İlişkin Raporu.*

Ülkü ELİK ŞAVK، SORULARLA insanlık tarihine yön veren 20 kisiden biri، *HACETTEPE ÜNİVERSİTESİ، TÜRKİYAT ARAŞTIRMALARI ENİSTÜTÜSÜ*، Ankara، 2011، s.15.

# علاقات ارمن كردستان مع بريطانيا في عهد السلطان عبد الحميد الثاني
## ١٩٧٦-١٩٠٩


## الملخص:

كان للارمن قبل ظهور أزمتهم وبعدها علاقات خارجية جدية مع الدول الغربية بصورة عامة و بالاخص بريطانيا العظمى، ومنذ البداية كان طموح هدفهم الاساسي الاول تشكيل الدولة الارمنية الكبرى. ولاجل تحقيق الهدف الاساسي لتشكل حلم الدولة الكبرى و بعد مؤتمر برلين عام ١٨٧٨ ميلادية أصبح البريطانيون مشرفون ومراقبون على الحقوق الارمنية ولاجل هذا السبب باشروا بإطلاق حزمة الاصلاحات الارمنية في المنطقة. بصورة عامة عدا المقدمة؛ بحثنا يتكون من أربعة مباحث رئيسية و كل مبحث ينقسم على نفسه إلى عدت أقسام ثانوية أخرى. مقدمة البحث؛ ملخص تاريخ وجغرافية الارمن و أرمنيستان. المبحث الاول؛ يتحدث ارمن كردستان كوردستان في عصر الدولة العثمانية. المبحث الثاني؛ يسلط الضوء على العلاقة بين الارمن و بريطانيا . المبحث الثالث؛ يتشكل من مؤتمر برلين و نتائجه المبحث الرابع و الاخير عبارة عن رد فعل الكورد للاحداث حولهم .



***الكلمات الدالة: الارمن، كوردستان الشمالية، أرمنستان الكبرى، بريطانيا، الكورد.***


# Armens of Kurdistan relations with British during the reign of Sultan Abdul Hamid II
## 1976-1909


## Abstract:

Since the Armenian Question, the Armenian had a good relation with western countries, particularly with Great Britain. Their aim was to establish the Armenian state for the Armenians. For this reason, Great Britain, after the Berlin Conference, was looking at the Armenian situation in the Ottoman Empire and its reform. This study is a good opportunity to show the relation between the Armenian in Kurdistan and Great Britain in the time of the second Sultan Abdul Hamid. This study consists of four sections with an introduction to our work. In the introduction, a summary about the Armenian history and the geography of Armenia have been discussed. However, the first section talks about the Armenians in Kurdistan, and section two talks about the relation between Great Britain with the Armenians. Section three talks about the Berlin conference and its results. The last section shows the Kurd's reactions to the Armenian issue in Kurdistan.



***Keywords:*** *Armens of Kurdistan, Big Armenia, Great Britain, Kurd.*